Zincîre : 74 Gîwî Mukrîyanî

# ELF Û BÊY KURDÎ WÊNEDAR BE TÎPÎ LATÎNÎ

Be zarawekanî

## Soranî , Badînî , Feylî , Hewramî

## YEKÊTÎ NÛSÎN

Seretay Yekêtî Zarawekanmane

Çapxaney Kurdistan
HEWLÊR

2582 Kurdî ( 1972 ) Bûnî
Nirxî « 350 » filse

Institut kurde de Paris

INSTITUT KURDE DE PARIS
Bibliothèque

Institut kurde de Paris

INSTITUT KURDE DE PARIS
Bibliothèque
Reçu le 31/05/2018

گیوی موکریانی
زنجیره : ٧٤

ئەلف و بێی کوردی وێنەدار
بە تیپی لاتینی

بە زاراوەکانی
سۆرانی ، بادینی ، فەیلی ، هەورامی

یەکیتی نووسین
# سەرەتای یەکیتی زاراوەکانمانە

چاپخانەی کوردستان
هەولێر

٢٥٨٢ی کوردی (١٩٧٢)ی بوونی

OFFERT PAR JOYCE BLAU

نرخی : ( ٣٥٠ ) فلسە

Institut kurde de Paris

# Pêşkeşe



ئەم پەڕتووکە بەناوی یادگار
بۆ سێ کەسان پێشکەشە : -

١ - بۆ ڕەوانی پاکی زاناو ویژەوانی نەمر « ئەمیر جەلادەت بەدرخانی » پێشکەشە کەیە کەمیز داهێنەری شێوەی ئەلفوبێی کوردیە لاتینیەیە .

٢ - بۆ ڕەوانی پاکی زاناو مێژوو نووسی مەزن داماو « حوزنی » موکریانی پێشکەشە کەیە کەمین کوردێکە مێژووی کوردانی بەزمانی کوردی نووسیوەتەوە وەیە کەمین کەسیشە کەیە کەمین چاپخانەی لەساڵی ( ١٩١٥ )دا بۆ ڕاژەی ویژەو مێژوو و زمانی کوردی دامەزراندووە .

٣ - بۆ کوردستانی ویژە پەروەری کچم پێشکەشە چونکوو جێگای ئومێدە کە دووای من نەیەڵێ ئەو ڕچەیە کوێرو ئەو چرایەی کەبەڕۆنی سەرمایەی ژیانی مام و باوکی تائەمڕۆ ئاییساوە بکووژێتەوە .

گ. موکریانی

Institut Kurde de Paris

# پێشدەستی

بۆچی ئەم پەڕتووکە بەچووار زاراوان نووسراوەتەوە ؟

مەبەس و ئامانجم لەو هەموو ئەرک و ڕەنجانەی کە کێشاومن تەنها بۆ ئەوەیە کەببێتە نموونەیێکی دڵخوواز بۆ یەکێتی زاراوەکانمان ، چونکوو هەرچەندە زاراوەی سۆرانی تائەندازەیێکی جێگایێکی باش و بەرزو پەسند کراوی بۆ خۆی داگیر کردووە بەڵام سەرڕای ئەوەش لەووشەو ڕێزمانی زاراوەکانی تر بێ نیاز نییە .

سائەگەر بێتوو سوود لەو هەموو ووشەو ڕێزمانە گرنگانەی زاراوەکانی ترمان وەرگرین بێ گومان زاراوەی سۆرانی زۆرپو ختترو دەوڵەمەندتر دەبێ و لەبرا بادینی و فەیلی و هەورامییەکانیش نزیکتر دەبێتەوە .

مەبەسم لەنووسینی « H, F, B, S » لەتەنیشت ووشەو ڕستەکان ئەوەیە :-

S (س) : کەلەجیاتی « سۆرانی »یە مەبەسم لەهەرێمەکانی بابان و کەرکوک و هەولێرو موکریان و ئەردەڵانیش دەگرێتەوە .

B (ب) : کەلەجیاتی ( بادینانە ) هەرێمەکانی بۆتان و هەکاری و چیا کرمانج و شکاک و جەلالی و ئێرەوانیش دەگرێتەوە .

F (ف) . کەلەجیاتی « فەیلی »یە هەرێمەکانی لووڕو کەلهوڕو بەختیاریش دەگرێتەوە .

H (ھ) : مەبەس لەهەموو خاکی هەورامانە بەهەجیجی و لهۆن و ژاوەڕۆو هەورامانی تەختەوە .

# Serçawekan «سەرچاوەکان»


1 - Řêzmanî Kurdî çap nekirawî xom.

2 - Grammaire Francaise, Claude augé.

3 - Řêzmana zimanê kurmancî, Řeşîd Kurde.

4 - Grammaire Kurd dialecte kurmancî par, Emir Celadet Bedirkhan et Rojer Lescot.

5 - Řaberê bo îmlay Kurdî - N. A. Amîn.

6 - Awa û Destûra Zimanî Kurdî, Ciger xuwîn.

7 - Kolke Zêřîne, çapî yekemîn, G. M.

8 - Muzekker û Muennes der Zebanî Kurdî - M. Ubeydilla Eyyûbiyan.

9 - Nûsînî Kurdî be tîpî Latînî - Dr. C. Nebez.

10 - Ziman û edebî kurdî.

11 - Ferhengî Mehabad (beşî řêzman).


---


سوپاس

ئەم مامۆستایانەي خوارەوە کەیارمەتیان داوم شایاني سوپاسن .

بەشی بادیني : سەیدا حسن حسێن علی ژەنگاري ، سەیدا عثمان علی حاجی گراڤی و مامۆستا بەدرخان سندي .

بەشی فەیلی : مەلا نامدار ، داری ساري ، مامۆستا حسین سەیواني ، کاك عبدالرزاق عزیز فەیلی ، مامۆستا عیسا سوهراب ، کاك نعمت فتاح ، کاك عبد علی ، کاك علی شاکر ، مامۆستا اسماعیل عبدالله .

بەشی هەورامي : مامۆستا ملا عبدالله اسعد هەجیجي ، کاکەخان عبدالله هەورامي ، مامۆستا حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی ، مامۆستا عباس محمد هەورامي

گ. موکریانی





Institut kurde de Paris

# ELFÛ BÊY KURDÎ
# BE TÎPÎ LATÎNÎ

ئەلفو بێي كوردي بەتيپي لاتيني (٣٨) پيتو بەسەر دوو چينان دا بەشكراوون :
چاپيو دەستنووس ، هەرچينێكيش دوو جۆورە : گەورەو گچكە .

## PÎTE GEWREKANÎ ÇAPÎ     پيتە گەورەكاني چاپي

A. (ئا) : AW, AWA, WA
B. (ب) : BA, BAW, BAB
C. (ج) : CAW, BAC, GOC
Ç. (چ) : ÇA, ÇAW, BOÇÎ
D. (د) : DAW, DAR
E. (ئە،ە) : ESP, ÇEM, EWA
Ē. (ئۆ) : G̱Ē, G̱ĒZ, g̱ēreke
Ê. (ئێ) : ÊWE, ḴÊŞ, ÇÊW
F. (ف) : DEFE, KEF, OF
G. (گ) : GA, GEF, GOC
G̱. (گ) : G̱ÊÇ, G̱ÎW, G̱Ē
H. (ه) : HO, AH, HÊDÎ
Ḧ. (ح) : ḦEWA, ḦA, ḦÊ
I. (ئي)إ : GIFT, G̱IYAN
Î (ئيي) : DÎW, CÎWE, PÎW
J (ژ) : JAW, JÎR, JAJÎ
K (ك) : KURDISTAN
Ḵ (ك) : ḴÊ, ḴUWÊ, ḵîj
L (ل) : LAW, LÊJ, LOKE

L̆. (ڵ) : DIL̆, ÇIL̆, KIL̆
M. (م) : MÊW, MAF
N. (ن) : NAN, NÊW, nok
O. (ئۆ) : DO, BOÇ, ÇON
P. (پ) : ÇAP, PÊÇ, PÛÇ
Q. (ق) : QAL̆, QEL̆EW
R. (ر) : KIR, KAR, BAR
R̈. (ڕ) : R̈OJ, R̈AW, R̈Û
S. (س) : SAW, SÊL̆, SÎS
Ş. (ش) : ŞAR, ŞÊR, ŞAŞ
T. (ت) : TAL̆, TOP, TÊR
U. (ئو)أ : KURD, KURT
Û. (ئوو) : DÛ, PÛR, ŞÛR
V. (ڤ) : BAV, BIVE
W. (و) : WAN, KEW
X. (خ) : XOR, XAMOŞ
Ẍ. (غ) : BAẌ, ÇÎẌ
Y. (ى) : YEK, YAN
Z. (ز) : ZAR, ZANA

Institut Kurde de Paris

## PÎTE GIÇKEKANÎ ÇAPÎ    پیته گچکه‌کاني چاپي

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| a | (ئا) | g̱ | (گِـ) | m | (م) | u | (ئو) أُ |
| b | (ب) | h | (ه) | n | (ن) | û | (ئوو) |
| c | (ج) | ḧ | (ح) | o | (ئۆ) | v | (ڤ) |
| ç | (چ) | i | إ (ئي) | p | (پ) | w | (و) |
| d | (د) | î | (ئيي) | q | (ق) | x | (خ) |
| e | ه (ئه) | j | (ژ) | r | (ر) | ẍ | (غ) |
| ē | ئوَ (وَ) | k | (ك) | ř | (رِ) | y | (ى) |
| ê | (ئێ) | ḵ | (كِـ) | s | (س) | z | (ز) |
| f | (ف) | l | (ل) | ş | (ش) | | |
| g | (گ) | l̈ | (ڵ) | t | (ت) | | |

### Pîte destnûsekanî gewre    پیته ده‌ستنووسه‌كاني گه‌وره



هەردووك كليشه دەستنوسه‌كان هي سالّي (١٩٦٠)ن بۆیه پیتي KG‌یان تێدا نیه



Institut kurde de Paris

*a b c ç d e ê f g h ḧ i î j k l l̈*

*m n o p q r ř s ş t u û v w x*

*ẍ y z*

ئەلفو بێ ي کوردي بە تیپی لاتینی کە (٣٨) پیتن بەسەر دوو دەستان دابەشکراون

دەنگدار Dengdar و بێ دەنگ Bêdeng

پیتە دەنگدارەکان ئەم نۆیانەي خووارەوەن :-

«A E Ē Ê I Î O U Û»

کە ئەوانیش دوو بەشن :-

١- دەنگداري درێژ Dengdarî dirêj

٢- دەنگداري کورت Dengdarî kurt

دەنگدارە درێژەکان ئەم شەشانەن :- (A Ē Ê Î O Û)

دەنگدارە کورتەکانیش ئەم سێیانەن :- (E I U)

پیتە دەنگدارەکان ئەوانەن کە هەر لە خۆیانەوە دەنگێکی تایبەتي و سەربەخۆیان هەیە ، بەڵام پیتە بێ دەنگەکان ئەوانەن کە بەبێ یارمەتي دەنگدارەکان کرك (تلفظ) یان پێ ناکرێت وەکوو :- (دێ) D (بێ) B

پیتە بێ دەنگەکانیش ئەم ٢٩یانەی خوواردوەن :-

B C Ç D F G Ḡ H Ḧ J K Ḵ L L̈ M N

P Q R Ř S Ş T V W X Ẍ Y Z

بەشی ڕێزماني هەموو زاراوەکان بەکورتي لە لاپەڕە (١٢١) وە دەست پێ دەکات



Institut kurde de Paris

# ڕازو نیاز

بەهۆی دابەشکرانی نیشتمانو چەوسانەوەمان بەئەندازەیێکیوالەکاروانی مرۆ-
ڤایەتیو شارستانیەتی دوور کەوتووینەتەوە کەبیری پێ ڕانەگات . دانیشتوانی ڕووی زەوی تێکڕا گوویێیان لەزەنگی کاروانی نەتەوە ئازادە بەختەوەرەکان بووە ، وە هیچ دۆستو دوژمنێك نەماوە کەبەژنو بالآی هەوا پێوەکان نەبینێ کەلەسەرخاکی مانگ دەهاتنو دەچوون ، نەتەوە بەختەوەرو سەربەخۆو پێشکەوتوەکان بەودش دانەکەوتون خەریکن بگەنە گۆی بارام (مەریخ) ، کەچی ئێمەی دابەشکراوو دووا کەوتوو تازە خەریکین بنچینەی ئەلفو بێیەکی لەناو ئەلفو بێیەکانی بێگانان‌دا بۆ پێنووسینی زمانەکەی خۆمان دامەزرێنین .

.گەلی کورد ( ٢٠ ) سال لەمەوبێش ( ٢٥ ) ملیۆن پتر بوو ئێستاش لە (٣٠) ملیۆن تێپەڕ بووە . لە ٢٥٪ یشمان خووێندەوار نیە هۆی ئەو هەموو نەگبەتیو چارە ڕەشیتیو دووا کەوتنەمان تەنها ئەوانەن :-

١ - لە کوردستانی عیراقو ڕوسیەدا دانەبێ لەپارچەکانی تری کوردستانیدا بەزمانی کوردی ناخووێندرێ .

٢ - خووێندنی کوردان لەشارەزوور ( عیراق )ی نەبێ لەهەموو شووێنێکی تردا بەزمانی بێگانانە .

٣ - تائەمڕۆش لەهەموو شووێنێکیدا خووێندنی کوردان بەتیپی بێگانان بووە .

٤ - سەرڕای دابەشکرانی کوردستانو خووێندنی زمانی بێگانان کەلەگایەکانمان مەیدانی خووێندنی هیچ جوورە هونەرو زانیارێکیان نەداوینێ بەلکوو هەزاران کۆسپەو تەنگەو چەلەمەیان دەخستینە پێش تا بەهۆی چاو نەکراوەمان بیر لەڕزگاریو ئازادی نەکەینەوەو هەروا بەچاو بەستراویو دیلی بمێنینەوە تائەوان بەبێ ترسو باکانە هەموو پیتو بەرووبۆی وولاتەکەمان هەلْ لووشن لەلایەکی تریشەوە کەلەهەر سنوورێکیەوە هەر بێگانەیێك سەربزێوی بکات ئێمە لەنێوانیدا ببینە قوربانی تاجو تەختی ئاغایەکانمان .



Institut kurde de Paris

هەرچەندە برا کوردەکانی گەرمێنی لەسایەی شۆڕشی (١٤)و (١٧)ی پووشپەڕەوە لە کۆماری عێراقیدا هاوبەشن و نووسین و خوێندنی زمانی کوردیش ئازادە ، بەڵام پێویستە ئێمە ڕێگایەکی کورت بۆ ڕزگاری و چارەیەك بۆ ئەم دواکەوتنە گشتی- یەمان بدۆزینەوەو ڕێگای دوور کورت ترو نزیك تر بکەینەوە . دەنا نەتەوەیەکی وا هەزارو چەند سەد ساڵ دواکەوتوو و نەخوێندەوارو ماف زەوتکراوی وەکوو ئێمە چۆن دەگەینە کاروانی نەتەوە پێشکەوتوەکان کەوەکوو بڕووسکە تێدەپەڕن و قۆناخی یەکەمینیان سەر مانگە . جا بۆ ئەوەی کەنەتەوەی کورد ڕێگای ساڵێك خوێندەواریتی بەمانگێکی ببڕێ چاکترین ئەلف و بێ بۆ زمانی کوردی ئاری نەژاد ئەمڕۆ کە تەنها ئەلف و بێی لاتینی کوردییە کەلەسەر ئەو شێوەو دەستوورەی، کەزانا و سەیدا بەدرخانییەکان دایان ناوە چونکوو ئەلف و بێی ئارەوی کەم و کووڕییەکی ئێجگار زۆری هەیە ، یەکەمین هۆشیان ئەوەیە کەبزوێن (حرکە)کانی بەپیت نین .

پیتەکانی ئەلف و بێی ئارەوی بەبەشە کوردییەکەیانەوە (٣٩) پیتن بەڵان بەلکەکانیانەوە دەگەنە (٤٠٠) پارچە بەپێی دابەشکرانیان لەچاپخانانەدا سامندانێك یا گەورەیەك تاقیێری ئەو ئەلف و بێیە دەبن بەهەموو لکەکانیەوە بەئەندازەیێکی واکەبەبێ هەڵە پێی بنووسن و بخوێننەوە بەلای کەمییەوە پێنج شەش ساڵێکی دەوێ بەڵان ئەلف و بێی کوردی بەتیپی لاتینی کەتەنها (٣٨) پیتی سادەو ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵن . هەر کەسێکی لەو ڕێگایەوە زمانی کوردی بخوێنێ لەنێوانی ٥-٦ مانگان دەبێتە خوێندەوارێکی واکەبەبێ هەڵە بەنووسین و خوێندن سەرپەرشتی کارو باری خۆی بکات .



Institut kurde de Paris

ئەلف و بێیەکانی کوردی کە تا ئەمڕۆ بەتیپی لاتینی بلاْوکراونەتەوە ئەمانەن :

Rêzana Elf û bêya Kurdî

کە بە زمانی کوردیو فارسیو ئارەویو فەڕانسەیی لە ١٩٣٢ لە شاری شامیٚ دا لەلایەن Mîr Herekol Azîzan کە دەڵێن ئەمیر جەلادەتی بەدرخانی یە لە ٢٠ لاپەڕاندا چاپکراوە و کەمو کووڕیشی زۆرە گۆیا لە ١٩٢٧ ەوە چەندین ساڵان خەریکی لێکۆڵینەوەی بووە.

٢- خووێندەواری، باو یادگاری مامۆستای ناودار تەوفیق وەهبی بەگی یە کە لە سەر شێوەی ئینگلیزی یەو بەهێندێك دەسکاری یەوە لە ١٩٣٣ لە بەغدایەدا بە(٤٤)لا.چاپکراوە

٣- ئەلفو بێ یا من ELF Û BÊYA MIN یادگارێکی زۆر بەرزی وێنەداری زانای پایە بەرز دۆکتۆر کامرانی بەدرخانی یە کە لە ١٩٣٨دا لەشاری شامیٚ لە ٣٢ لاپەڕەی گەورەو وێنەداردا چاپکراوە کەبەباشترین ئەلفو بێی کوردی لاتینی دەژمێردرێت

٤- ELF U BEYA KURDÎ یادگاری مامۆستا عثمان صبری یە ئەویش وەکوو دکتۆر کامران لەسەر شێوەی میرجەلادت ڕۆیشتوەو لە ١٩٥٥ لە ٥٦ لاپەڕەداچاپکراوە

٥- Nûsînî Kurdî be Latînî لەلایەن زانای دڵسۆزو ئەمەگداری بێ هاوتـــا مامۆستا جەمال نەبەزەوە لەسەر دەستوری زانا پایەبەرزەکانی بەدرخانیان بەزاراوەی سۆرانی داناوە لە ١٩٥٧ لە بەغدایە بە ٣٥ لاپەڕەدا چاپکراوە مامۆستا نەبەز لە ڕوی ڕاستی پەرستێتیودڵ‌ودەروون پاکێتی خۆیەوە لەلاپەرە (ز)ی ئەلفو بێ یەکەی خۆیدا ددانی بەمەدا ناوە کە پیتی (Ř Ľ) بۆ یەکەمین جار لە چاپخانەی کوردستانیٚ دادیتراوە

٦- ELF Û BÊY KURDÎ Wênedar BE TÎPÎ LATÎNÎ بەپێی دەستووری دەستنووسی بەهەشتی ئەمیر جەلادەت بەگی بەدرخانی بە کەمێك دەسکاری یەوە لەسەرشێوەی سۆرانی لە ١٩٦٠دا لە ٤٦لاپەڕەی کچکەدا بەناوی خۆم (گیو) چاپکردوە .

٧- مەلا محمد ئەمین بۆز ئەرسلان کە لە دانیشتووانی هەرێمی دیاربەکرێ یە لە ١٩٦٩دا لەسەر شێوەی زانا بەدرخانی یەکان ئەلفو بێ یەکی کوردی بەلاتینی داناوە و لە ئەستەنبوولیٚ چاپی کردووە گۆیا ٧٠ لاپەڕەی وێنەدار بووە داخی بەجەرگم دەڵێن لەوساوە خاوەندەکەی بێ سەر و شون کراوە.

Institut kurde de Paris

٨ - لەساڵەکانی ١٩٤٧ تا ١٩٥٥ زۆر جاران ئەلفو بێی کوردیم بەتیپی لاتینی بە-
هەر چووار چەشنەکانی یەوە لەسەر پەڕە قاقەزێکی چەند جار وەهەر جارەی
چەندین هەزارم لێ چاپکردوون و بەخۆڕایی بەسەر داخوازانم دابەخشکردوون
کەئێستاش نموونەیان لەلای ئێمە ماون . مامۆستا جەمال نەبەز لەلاپەڕە (ز)ی
(نووسینی کوردی بەتیپی لاتینی) خۆیدا لە١٩٥٧دا ددانی بەوەدا ناوە (کەپیتە-
کانی « Ľ Ř » بۆ یەکەمین جار لەچاپخانەی کوردستاندا دیتراوە و بڵاو
کراوەتەوە لەبەر ئەوە دەست لێدانمان بەباش نەزانی ) دیارە مەبەسی هەر لەو
پارچە قاقەزە چاپکراوانەیە کەوەبەرچاوی کەوتوون .

٩ - مێجەرسۆن یەکەمین کەس بووە کەتیپی لاتینی بۆ زمانی کوردی داناوە و
پەڕتوکێکی لەو بابەتەوە نوسیوەتەوە لەژێر ناوی : Elemantery Kurmanci
Grammar B. Major E. B. Soan, C. B. E. Baghdad 1919
وادیارە کەمێجەرسۆن هەر شێوەی سۆرانی پێ نووسیوە .

١٠- محمد مکری جوورە تیپێکی لاتینی ڕێکخستووە بۆ ئەوەی پەڕتووکی
گۆرانی یا (تەڕانەهای کوردی) پێ بنووسێتەوە .

-١١ « Fêr bûna zimanê Kurdî pi Latînî »
Yadgarî paye berz û nebez EZÎZ beg Akreyîye
biřêtîye le «65» lapeřey gewre w wênedar le 10/9/
1967 le ser qaqezekî estûr û baş çap kirawe.

١٢- برا کوردە دابەشکراوەکانی ئێرەوانیش بۆ ڕەنیو هێنانی زمانی کوردی تیپی
لاتینی لەسەر شێوەی ڕووسی و بەدرخانییەکانیش بەکار دەبەن .

---

باشترینی ئەلفو بێیەکانی کوردی بەتیپی لاتینی ئەو دەستور و شێوەیەیە کە
زانا بلیمەتە پایە بەرزەکانی بەدرخانییە ڕەنج کێش و خۆشی نەدیتووە نەبەزەکان



Institut kurde de Paris

دایان هێناوە و لە سوریە و لوبنانێ دا چەندین بەرتووك و كۆڤار و ڕۆژ نامەی بێ چاپكراوون . ناوی كۆڤار و ڕۆژنامەكان ئەمانەن ( هـاوار ، ڕۆنـاهی ، ستێر ڕۆژانوو ) بێجگە لە سوریە و لبنـان برا كوردە دیلەكانی ژێر دەستی مغـوولان و ئەوانی بادینیو زۆرتریتی خووێندەوارە بەرزەكانی سۆران ئەو دەستوورەیان پەسند كردووە هەرچەندە لەڕوسیەدا زاناكان تیپی لاتینی لەسەر شێوەی ڕوسی بەكار دەـ بەن بەلآن زانا هەرەبەرزەكانیان وەكوو پرۆفیسۆر كوردۆیفو فازیرۆفو ئەوانی تر لەچاپەمەنیەكانیاندا بەتایبەتی لەناو فەرهەنگەكانیاندا بنچینەی وشەكان لەسەر شێوەی بەدرخانیەكانە ، دیارە لەئەلفو بێیەكانی لای خۆیان پەسند تر كردووە بۆیە بەكاری دەبەن .

كەوایە باشترینو بەرزترین ئەلفو بێی لاتینی ئەوەیە كەزاناو ڕۆشەن بـیرە بەرزەكانی هەموو شووێنێكی كوردستانێ پـەسندیان كردبێو ڕەنێویشی بێنن .

بێ گومان ئەو دەستوورەی كەزانا بلیمەتە بەدرخانیەكان دایانهێناوە لەڕووی ئەوەوە كەلەزۆرتریتی پارچەكانی كوردستانێدا بەكاردەبرێنو پەسند كراوونو گەلێكیشی چاپەمەنی بێچاپكراوەو لەزۆرترین كارەساتانی ڕۆژ گاری چەپكەڕدا خۆی گرتوە وماوەتەوەو نەتەوەی كورد پارێزگاری كردووە بەئەلفو بێیەكی زیندوو دەژمێرـ رێت . كەوایـە بائێمە كوردی هـەموو شووێنێكی فێری ببینو ئەلفـو بێیەكەمـان ببێتە یەك دەستوور بەڵكو لەدووا ڕۆژیشدا ببێتە بەردی بناغەیێكی پتەو بۆ یەكێتی شێوەكانیشمان . ئومێدم وایـە كەلەدووا ڕۆژێكی نزیكدا نەتەوەی كورد لـە ژێر ئالآی یەكێتی خەتو نووسینو زاراوەدا كۆ ببێتەوە تا ناوچە پەرستو كورت بینان مەیدانی ئەوەیان نەمێنی كەلەژێر پـەردەی جیاوازی سۆرانیو بادینیو فـەیلی و هەورامیو . . . ئیتردا تـۆوی ناكۆكیو دوو بەرەكانێتی بچێنن ، چـونكوو ناكۆكی ناوخۆیی زیانی كوردو قازانجی بێگانانی تێدایە .

## ئەو ئەلفو بێ یە

## چۆن گەیشتە ڕادەییکی وا پوختو دلگر ؟

خەباتو تێکۆشانی چەند کەسان بەرزیان کردۆتەوە تا گەیشتۆتە ئەم پلەیە ؟؟

هەرچێکوو داهێنەری ڕاستەقینەو یەکەمین کەسێکی دەستووری ئەم ئەلفو بێ کوردی یە لاتینی یەی ڕەخساندووە ئاشکرایە کەبلیمەتو زانای نەمرو سەرۆکی ویژەوانان بەهەشتی ئەمیر جەلادەت عالی بەدرخانی یە ؛ بەلآن چۆن گەیشتە ئەو پلە بەرزەو لەلایەن کێشەوە کەمو کووڕی یەکانی وا بەپوختی و وورد بینی چارەسەر کراوە ؟ بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا لەناو مێژووی ویژەدا تۆمار بکرێت تامافی ڕەنج کێشو ئەمەگ دارو نەسرەوتووان نەخرێتە ژێر پێیانەوەو خۆش ڕابووێرو گیرفان بڕێکی وا کە کەمو زۆر لەدرێژایی تەمەنی خۆیدا دوو ووشەی پەسند کراوی بۆ کورد نەنووسی بێ لەسەێلی خۆی هەلنەسووێو سینگی خۆی پێوە دەرنەپەڕێنی ، ئەوا بەکورتی دەیخەمە بەرچاوانەوە : -

لە (١٩٣٢)دا میر هەرە کۆلێ ئازیزان ( ئەمیر جەلادەت عالی بەدرخانی ) بۆ یەکەمین جار ئەلفو بێ یەکی بەزمانی کوردی ، فارسی ، ئارەوێو فەڕانسەیی داناوە بەناوی : - ( Ȑêzana Elf-û-bêya Kurdî )

لەشاری شامیدا بەتیپی ئارەوی‌و لاتینی چاپو بلاو کردۆتەوەو لەوێ بۆیە کەمین جار بەردی بناغەی دەستووری «x û ş î ê ç»ی دامەزراندووەو لەوێ دا (K)ی لەجیاتی (ق) و (Q) لەبری (ك) بەکار بردووە . وە بۆجاری دووەم زانای ناودارو تێکۆشەری هێژاو بێ هاوتاو پایە بەرز دۆکتۆر کامەرانی کاکی لە (١٩٣٨)دا ئەلفو بێ یەکی جوانترو زۆر گەورە ترو پوخت تری بەتیپی لاتینی کوردی بەناوی : ( Elf û bêya min ) لەشاری شامیدا بەچاپ گەیاندووە لەوێشدا هەر لەسەر دەستووری برای خۆی ڕۆیشتووە بەلآن پیتی (K)ی کردۆتە (ك)و (Q)شی لەجیاتی (ق) بەکار بردووە .

هەر چەندە بەندەش لە مێژ بوو بە کەڵکەڵە خەریك و ئاوداڵی پرۆژەیێکی وا پیرۆز و بەرز بووم کە سەرنجم لە ئەلف و بێیەکانی زانا بەدرخانی‌یەکان دا زۆر دڵگر و پەسندم کەوتنە بەرچاوی بەڵام لەڕووی ئەوەوە کەم و کوورییێکی وا زۆریان تێدا هەبوو هەموو شێوەیەکی سۆرانی و ئیتریان پێ نەدەنووسرا ناچار نامەیێکی دوور و درێژم بەپێشنیازێکەوە بۆ هەردووك برا پایە بەرزە بەدرخانی‌یەکان نووسی و لەوێ دا داوای ڕێدانی دوو مەبەسانم بەو جوورە لێ کردن :

١- ڕێگا بدەن کەم و کووریەکانی وەکو ( ح ، ڕ ، غ ، ڵ ) بەو چەشنە : « Ḧ Ľ Ř Ẍ » چارە سەر بکەم .

٢- قۆڵ بکێشن و مەیدانم بدەن کە ئەوشێوە ئەلف و بێیە بەزاراوەی سۆرانیش چاپ کەم تا برا کوردەکانی سۆرانیش فێری ببن .

ویژەوانی زانا و نەمر ئەمیر جەلادەت آلی بەدرخانی بەدەستنووسە پیرۆزەکەی خۆی بەو جوورەی خووارەوەی وەڵام دامەوە :-

( هەرچێکوو تیپی ( ح و غ ) هەر لەبنچینەدا لە زمانی کوردی دا نین بۆیە خراونەتە پشت گووێ و تیپی (ڵ) یش لەزاراوەی ئێمەدا نین . بەڵان تیپی ( ڕ Ř ) هەموو زاراوەکانی کوردی پێویستی‌یان پێیەتی لە کانی خۆی دا لە بیرم نەبوو لێی وورد ببمەوە ئێستاش ئیوە لەهەموو لایەنێکەوە ئازاد و سەربەستن کە هەر جوورە کەم و کوورییێکی تێدا دەبینن چارە سەری بکەن و چاپکردنەوەشی بەزاراوەی سۆرانی زۆر بەجێیە تا برا کوردەکانی سۆرانیش بەباشی و ئاسانی فێری ببن و زۆر حەزدەکەم کە ئەم ئەلف و بێیە بە هەموو لایەکی کوردستانێ دا بڵاو بێتەوە و جێگای خۆی بگرێ ) .

سەرڕای ڕێدان و قۆڵ کێشان زۆریشی سوپاس کردووم .

بەندەش ماوەیێکی زۆر هەوڵ و تەقەلام دا تا لە هەندەرانەوە هێندێکم پیتی کوردی لاتینی پێکەوەنا و چەندین جاران هەر جارەی چەندین هەزار لاپەڕەی

ئەلفو بێیەکانم بەپاچڤە (ترجمە)ی تیپە ئارەوییەکانەوە چاپ و بەخۆڕایی بـڵاو کردۆتەوە کەئێستاش چەند سەد لاپەڕەیێك لەو نموونانەمان ماون .

ئیتر هەز لەو بەروارەوە بەپێی توواناو دەستەڵات چەندین ساڵ تێکۆشام تاچەند کیلۆیەکم ئەلفو بێی لاتینی لەسەر ئەرکی خۆم لەپیت ڕێژگە (مسبك الحروف) لەمیسرێ بەدارِژتن دانو لە (١٩٦٠)دا گەیشتە دەستم ئیتر بەبێ ڕاوەستان بۆیەکەم جار دەستم بەچاپکردنی ئەلفو بێی کوردی کرد بەتیپی لاتینیو وێنەدار بەم ناوە ؛

« ELF Û BÊY KURDÎ, Wênedar, Be tîpî Latînî »

کەلەکۆنترین شارانی ڕووی زەوی‌دا چاپکراوە کەئەویش شـارە مێژوویی‌یە دووا کەوتو و بێ کەسە کەی هەولێرە لەخاکی کوردستانی‌دا . هەرچەندە بەتیەن (حجم)ی گچکەیەو ٤٣ لاپەڕەیەو بە ٤٤ وێنانیش ڕازاوەتەوەو چەند بەرگێکم بۆ زانای پایە بەرزو خەباتکاری یەك ڕەنگـو نەبەز دۆ کتۆر کامـەران بەدرخانی ناردە پاریسێ و ئەویش بەدەستنووسی پیرۆزی خـۆی سوپاس نامەیێکی شاهکارانەی دوورو درێژو هێژای وای بۆ من نووسیوە کەئاکاری وامەردانە هـەر لـەدڵو دەروون پاکێتی و زانایەتی‌و خانەدانێتی وان دەوەشێتەوەو بەس ، چونکوو بـەندە هەرچەندە خۆم بـە شایانی ئەو هەموو دڵسۆزێتی‌و ڕێز لێ‌نانەش نازانم بەڵان بـۆ بەندەو هەموو خانە‌وادەو بنەماڵەی مو کریانی ئێمە هەتاهەتایە مایـەی شانازێتی‌و سەربڵندێتی‌یە . هـەر‌چەندە بەندە بەپێی توواناى خۆم لەهیچ کاتێکی‌دا کۆتاییم نەکردووە بەڵان سـەر ڕای ئەوەش لەڕاست گەڵو نیشتمانە دووا کەوتوو و بێ کەسو دابەشکراوە کەم دا خۆم بەشەرمەزار دەزانم ، چـونکوو کارەساتانی ڕۆژگاری چەپگەڕ هەر کەمێکی مەیدان دابام کەبەدڵی خۆم ڕاژەی، وێژەیی‌و هەموو بابەتێکی تری بکەم لـەوانەی کە کردوومن باشترم لەبار دابوو ئیتر تەمەنێکی کەبەشێکی لەگرتوو خانانو بەشە‌کەی تریشی لەگێرەو کێشەو تەشقەڵەو بوختانو بەدرێژایی ساڵ لەژێر چـاوە دێری خۆفرۆشو شۆفارانـدا ڕابرێ چ سوودێکی لێ دەبینرێ ؟ کەچی لەدوواییی تەمەنم‌دا لەجیاتی یاریکاری‌و بەهەندگرتنم چـەند بێگانەو کیسە پەرستێکی سەیر پـەیدا بوون بەناورنرتكو پەلاماری نارەوا لەجیاتی ئافەرین کردنم خەریکی بـەدناو کردنی منن ئەمن بەوان دەشکێم و نەبەهەزاران چەکچەکیلەش پێشی خۆرێ دەگیرـرێ .



Institut kurde de Paris

ئـەوا لەو ساڵانەی دووایيش دا سێ کەم و کووڕێ دیکەشم لە ناو هەر دوو کـۆ
چەشنە ئەلف و بێیەکانی کوردی لە تیپەکانی ئارەوی و لاتینی‌دا دۆزینەوەو ئەوانیشم
بەو چەشنەی خووارەوە چارەسەر کردوون :

(ۆ - Ē) بۆ دەنگێکی تایبەتیەو کریەوە کو ئەو دەنگەی کە لەناو «e, eu, œu»ی
زمانی فەرانسان دایە. منیش خەتێکی باریك ۆ کورتم بۆ ئەو دەنگە لەسەر (ۆ Ē)
داناوەوە کوو : ĢĒ ĢĒREKE ĢĒZ ĢĒZAN ĢĒZING

گۆ گۆرەکە گۆز گۆزان گۆزنگك

XĒN ŞĒN NĒJ ĶĒN ĶĒR

خۆن شۆن نۆژ کۆن کۆر

---

## گ G

پیتی G کە بگاتە Ē Ê Î و Û یـەکی W ی بەشوێن دابێ دەنـگی بـە تـەواوي
دە گۆڕێ و پیتی (گ)یش کە بگاتە (ێ ی) ویا (و)ێکی کە پیتی (ی)ی بە دواوە
بێ دەنگی دە گۆڕێ منیش بۆ ئەو دووانە خەتێکی کورتو باریکم لەژێر داناوون
وەکوو : ĢUWÊZ ĢĪRFAN ĢÊRE ĢĒ

گوویز گیرفان گێرە گۆ

ئیتر پیتی (G و گ) لە هەموو شووێنێکی تردا هەر دەنگی خۆیان هەیە : -

گوڵ Guĩ گلێرە Gilêre گۆم Gom گاوان Gawan

---

## ك K

پیتی (ک K ) لەزۆر شووێنانەدا هەر بە (ک) کرك دە کرێن و دەنگیان ناگۆڕێت
وە کوو :- کوڕ Kuř کار Kar کڵاو Kiĩaw کەڤر Kevir
بەڵان ئەوانیش بگەنە یەکێك لەم پیتانە ( Ē Ê Î ) یا ( U یەکی کە W )ی بە
دوواوە بێت دەنگیان بە تەواوی دە گۆڕێت و بـۆ پارێزگاری دەنـگی وانیش



Institut kurde de Paris

هەر خەتێکی باریك و کورتم لەژێر داناوون : ـ

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تاکێی | پاکێی | کێو | کێشە | کوویستان | کێن |
| Taḵî | Paḵî | Ḵêw | Ḵêşe | Ḵuwêstan | ḴĒN |

لە ناو ئەلف و بێی لاتینی کوردی دا ئەو تیپانەی کە لە سەرەتایەدا زانا بەدر خانییەکان دایان هێناوون بە تایبەتی بۆ زمانی کوردییان دامەزراندوون ئەمانەن : ـ

« Ç Ê Î Ş Û X »

ئەوانەی منیش لەنێوانی بیستسی سالاندا لەسەر دەستوور و ڕێدانی ئەوان بۆ پڕ کردنەوەی کەم و کووڕییەکانی ئەلف و بێی ناوبراو دۆزیومنەوە و لەتیپ ڕێژگە (مسبك الحروف)ی قاهرە و بیروتێم دا بە دارِژتن داوون ئەمانەن : ـ

« Ē Ģ Ï Ḵ L̈ R̈ Ẍ »

---

ئەلف و بێی کوردی بە تیپی ئارەوی چۆن گەیشتە ئەو پایەیە ؟!!...

داماو ( حوزنی ) مو کریانی برام کە لە ۱۹۱۳/۱۹۱٤ خەریکی کرینی چاپخانەییێکی بوو ، لەئەڵمانیاو لە ۱۹۱٤دا کە گەیشتە بیروت دەست بەجێ لەشاری، حەڵەبی دامەزراند چاپەمەنیەکانی سووریەی ئێمە زۆرترینی بە زاراوەی برا کوردەکانی باکووڕ بوو ، بڕیارمان لەسەر ئەوەدا کە لەجیاتی سەر (ە) و لەجیاتی بۆر (و) و لەجیاتی ژێر(ی) دابنێین کەچی برا کوردەکانی ژێردەستی سووریا و تورکیا بەربوونە هاوار و گازاندە کە ( ئێمە نەشێین بخووێنین ) ئەو تیپە پترانە بەکار مەبەن • چونکوو تێکرِا بە خووێندنی شێوەی کۆنی ئارەوی و تورکی و فارسی ڕاهاتبون ناچار جار جارە نەبێ بەکارمان نەدەبرد بەڵان کەهاتینە ڕەواندزێ وردە وردە لەسوریەمان پتر بەکار بردن کەسەیرمان کرد هیچ بەرهەڵست و بۆڵە بۆڵێکی گرنگ پەیدا نەبوو لەساڵی ۱۹۲۷ هەر بەجارێکی لەناو کۆڤاری زاری کرمانجی ژمارە (۷)دا ئەو دەستوورەمان بەتەواوی بڵاو کردۆتەوە تاهەموو کەسێك فێری بین یەکەمین کەسێکی کەپێشوازی ئەم پڕۆژە پیرۆزەی کرد مامۆستا تەوفیق وەهبی بەگ بووە •



Institut kurde de Paris

لەساڵی ١٩٢٩ دا بەپێ‌ڕەوی ئێمە ڕێزمانێکی بەناوی ( دەستووری زمانی کوردی ) چاپکردو بەرگێکیشی پێشکەش بەکاکم کردوو بەدەستی خۆی وای نووسیوە : ـ
دیاری خاوەند کتێب بۆ کۆڤاری زاری کرمانجی. تەوفیق وەهبی ٣١ آغسطوس ٩٢٩

ڕ : لەپێش‌دا لەسەر ڕێی قەڵەو ( ٨ ) لەدووای چەندین ساڵان کردمانە ( ٧ ) بەڵام لەبەر ئەوەی کەلەچاپخانەدا جفتە ( ماشە )وە (٧) یا (٨)ە کە دە کەوت و بەچەشنێکی وادەشکا کەباری (ڕ)یە کە بەلای (ز) یا (ژ)دا دە گۆڕا ناچار بڕیاری هەردووایی‌یم وادا کەخەتێکی باریك و کورتی لەژێر دابنێم وە کوو ( ڕ ) .

ڵ گ : لەم ساڵانەی دووایی‌دا بۆ پارێزگاری دەنگە تایبەتی‌یەکانی ( ڵ گ ) وام بەبەرژەوەند زانی کەخەتێکی کورت و باریکیش لەژێر وان دابنێم وە کوو : ـ
« ڴ ڴ گ ڴ »

ڵ : سی چل ساڵ لەمەوپێش بۆ لامی قەڵەو جارجارە تاکێك یادوو یاسێ نوختەمان دادەنا لەپاشان کردمانە (٨) بەڵام لەو بیست سی ساڵەی دووایی‌دا (٧)مان لەسەر دانا وە کوو : ـ
« ڵ ڵ ڵ ڵا ڵا »

ۆ بۆ واوێکی کراوەوە کەوە کوو (O) بخوێنرێتەوە لەپێش‌دا چەند نوختەیێك دووایە (٨)و لەم دووایەدا (٧)مان لەسەر دانا وە کوو : ـ ( ۆ ۆ ) .

ێ : بۆ ئەوەی تیپی ( ی ) لەکات و شوێنی پێویست‌دا وە کوو ( Ê )ی فرەنسی بخوێنرێتەوە لەپێش‌دا (٨)و لەو دووایەی‌دا (٧)م لەسەر داناوە وە کوو : ـ
( ێ ێ ێ ێر ێن )

---

بەڵگە بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوە زۆرن ئەوا بۆ نموونە لەهێندێکیان دەدوێین :
١ ـ نموونەی هەموو پیتە کۆن و تازەکانمان ماوون .
٢ ـ ئەو پیتانەش کەبرام لەدار ( کەوێت )ی دروست کردوون ماوون .
٣ ـ کەسێك دەتووانی ئەو هەڵگێڕو وەرگێڕانە بکات و ئەو هەموو گۆڕانە بەسەر

پیتەکانی ئەلف و بێی بێنێ کە شارەزاییێکی تەواوی بەسەر زمانی فەرانسەدا هەبێ چونکو لەناو ئەلف و بێی واندا چەندین جوورە دەنگ و ڕیبک (اشارة) هەیە .

٤- چاپخانەی کوردستان یەکەمین چاپخانەیە کە بە تایبەتی بۆ ڕاژدی زمان و وێژە و مێژووی کوردی دامەزراوە دیارە لەسەر هەڵسووڕێنەرەکانی یەتی کە بەپێی تووانا کەم و کووڕی پیتەکانی چارەسەر بکەن چونکوو ئەلف و بێ بەردی بناغەی زمان و وێژەو مێژووی کوردی یە. هەرچێکو چاپخانەی ژینە چەندین ساڵ دوای چاپخانەی ئێمە ئینگلیزان بۆ بلاو کردنەوەی چاو وڕاوی خۆیان و چاوبەستی کوردان دایان مەزراندووە سەربەرشتەکانی وی هیچ کامێکیان نەبیستراوە کە تاکە پیتێکی کوردی-یان بەدارڕژتن دابێ و لەو ڕێگایەدا خۆیان ماندوو نەکردووە بەڵکو ئەوانیش وەك چاپخانەوانەکانی کەر کوك و بەغدا پیتی ئامادەیان لەو پیتڕێژگە(مسبك الحروف)یانەی هەندەران کڕیوە کە لەسەر ڕاسپاردەی ئێمە و بەپارەی ئێمە قالبەکانیان ئامادە کردوە بێجگە لەوەش چەندین جاران ماشینەی چاپەکەی ژین شکابوو هەموو جاران هاوا-یان لە کاکم کردووەو چۆتە سلێمانی بۆی چاك کردونەوە (نامەکانی پیرەمێرد ماون)

٥- پیتڕێژگەکانی ئەڵمانیاو ئەستەنبۆڵ و بێروت و مصرو تاران ئاگادارن کە قازانجو دەستکەوتی ئێمە بەدرێژایی تەمەنمان بۆ گیرفانیوان بوە سەبارەت بەپیتە کوردیەکان

٦- لەناو چاپەمەنیە کۆنەکانی ئێمە دا تاکتاکە پیتە باسکراوەکان دەبینرێن . بۆیە بە زۆری نابینرێن چونکو جاران (٨ یا ٧)مان لەسەر (ر، ل، و، ی) دانابا بەدوو پیتان ڕێك دەکەوتن و پیتی (٨ یا ٧) مان کەم بوو بەشی یەك یا دوو لاپەڕەیان نەدەکرد ئەگەرچی کاکیشم تاکتاکە لە داری دروست دەکردن.

٧- لەنێوانی (٥٧) ساڵانرا هەرنامەیێکی کە لەبابەت نرخی دارڕژتنی پیتەکانی کوردی بە ڕیبك (اشارە) ەکانیانەوە لەپیتڕێژگەکانی هەندەرانەوەمان بۆ هاتووە زۆرترینیان بەکاتالۆگەکانیانەوە ماوون.



Institut kurde de Paris

لەو بابەتە دووان خووا دەیزانی مەبەسم لەوە نیە کەخۆمی پێ ڕابنێم و یا شانازی پێوە بکەم ، چونکوو هەر ڕەنجێکی کەئێمە دوو بـرا لەڕێگای گەل و نیشتمان‌دا کێشاومانە بۆ پایەو بازرگانی و کورسی و ڕێزو مووچەو بەراتو ئافەرین نەبـووە بەڵکوو بەپێویستی سەر شانی خۆمان زانیوە کەتا دووا پشوو سەرو مـاڵ و تووانا و سەلیقەی خۆمان لەو ڕێگایە بەرزو پیرۆزەدا بکەینە قوربانی ، هەموو کەس دەیزانی کەئێمە لەو بێکارەو دەستو پێ سپی و هیچ لەدەست نەهاتووانە نەبووین کەهەموو گێتیمان لێ بەقورِ گیرابێ و تەنها لەناو شەڕەسەگێ‌دا نەبێ نانێکمان دەست نەکەوێ هەرچێکوو داماو (حوزنی) برامە لەسایەی زیرەکی و زانایی و سەلیقەی خودادای و لێ‌هاتوویی خۆیەوە بەهۆی دە دووازدە پیشـە (صنعت) ی وەکوو خۆشنووسی و مۆر هەڵکەندن و ئارمەسازی و ناوو گوڵ و نەخشو نیگار لەسەر بەردە نرخدارەکانی وەکوو زێڕو دوڕ، یاقوتو زمڕووتو ئاقیقو پیرۆزەو ئیتر هەڵکەندن ڕۆژێ بەدە دووازدە لیرەی زێڕِ لەئەستەنبووڵ و حـەڵەب قایل نەدەبوو ، لـەپاش شەڕی یەکەمی گشتی جیهانی کە کوردەکانی عیراقێ ئەوانەی کەلەئێخسیری بەڕەلاو ئازاد دەکران چەند سەد کەس پتر تاك تاكو ددستە دەستە بەڕووتی و برسێتی دەگەڕانەوە کەدەگەیشتنە حـەڵەب برام هەمووی کۆكو پۆشتەو تێر دەکردن و بەپارەی خـۆی ڕەوانەی بەغداو موصلی دەکردنەوە . منیش کەبراو پـەروەردەی بەر دەستی ویم تا ئەمـڕۆ دەستم لەبەر هیچ نامەردو بێگانەیێکی پان نەکردۆتەوە ، کەوایە مەبەسم ئەوەیە کە بەمێژووی بسپێرم چونـکوو بەچاوی خۆم دەبینم کەهی وا هەیـە ئـەو ڕازانەی ئێمە لەسمێڵی خۆیان هەڵدەسوون کەوەت بەندیواریان بـەچاپخانەو چتی واوە نـەبووە ، چونکوو تائێستا هەموو مافێکی ئێمە یاخراوەتە پشت گوێیان و زەوتکراوە ، لـە ڕووی ئەوەوە کەئێمە لەپێناوی ڕازەدا تووشی هـەزاران کارەساتانی جەرگ بـڕو دەربەدەریێتی و ماڵوێرانی و نەهاتی و چارە ڕەشێتی و ڕووتی و ڕەجاڵی هاتووین حـەز دەکەم مێژووی کورد ئاگادار بێ چونـکوو تەنها مێژووی ڕاستەقینە ماف پـارێزەو ئەملاو ئەولای نیە . ئەوانە کەلەسەردەمی ژیانیـاندا تەمـای هیچیـان نـەبێ و گەل و نیشتمانیان بۆسوودی خۆیان نەفرۆشتبێ بەڵکو سەروماڵی خۆیان بەدرێژایی تەمەن کردبێتە قوربانی لەپێناوی سوودی گەل و نیشتمان‌دا زۆر موخابێن و حەیفە کەدووای مردنیان مافیان نەپارێزرێت .

گ . م.

Institut Kurde de Paris

# BEŞÎ NEXUWÊNDEWARAN

## A-a , W-w ( ئا ، و )

A E Ē Ê I Î O U Û

ئا ئه ئۆ ئێ ئي ئیي ئۆ ئو ئوو

AA AE AĒ AÊ AI AÎ AO AU AÛ

WA we wē wê wi wî wo wu wû

WEWÎ WÎ WE AWÊWÊ AWA WO

AW WA AWA AWI AWÎ AWO

AWÊ WÊWE WAWE WÎWÎ WAWO

## B « ب »

Ba be bē bê bi bî bo bu bû

ab eb ēb êb ib îb ob ub ûb ba

bab babe baba babo babî babû bebe

bêbê bêbî beba bîbe bobe baw bawa

bawe bawê bew bewî bow bowa bû,

bûwe bûwewe bowe bowewe wabe

wabê wabû wabî bo wa?

Institut kurde de Paris

## C « ج »

Ca ce cē cê ci cî co cu cû caw
cew cêw cîw cîwe cawa bac bace
bacê bacî baco bacu bacû bêcê caw
cew cûcî cûcû co coco caco cêbê
bace bêca bêcî bêwac bêcû cûce cêcê
wabe wabê wabî wabû waca cawe.

## Ç « چ »

Ça çe çē çê çi çî ço çu çû çaw
çawē çawî çawe çawê çawo çew çewe
çêwî çîwe çewî çewa waçe waçê waço
waçî waçû wawe çû çêwî çêwe çêwê
çêwo çêwu çêwû çebe , bêçû açe çêw.

## D « د »

Da de dē dê di dî do du dû dada
dade dadê dadî dadû daba dabē dabê
dabî dabo dabû îdî dêdê daw dawa
dawê dawî dew dewe dêw dewe dew
dewe dewî dîw dîwî dewî dodo dûdû
badewe bîdewe wêde wêdewe.

Institut Kurde de Paris

## E «ئه ـ ه»

Be de ce çe eb ec eç ed ew bade
badewe bawe cîwe wabe çabe cew cêwe
cewî cebe cowa cû çew çêw çîwe çawî
çabe çêbe çobe weçe waçe çewde baçe
çeçe çîçe dewî dewe dêwe dawe dowe
duwe ewe eewe awa eawa êwe owe

Institut kurde de Paris

## Ē «ئۆ»

Bē cē çē dē aē eē îē êē aē ûē

## Ê «ئێ»

Bê cê çê dê êbe êce êçe êde becê
dêw debê dawê bawê çawê cêwe çêwe
cawê çawê deçê cacê ecê ewê ebê
çîwa cacê çaçî dadê dada dêdê dû dê
caçê wabê wêçû bêçû wêde wêwe bê
cêcê çêçê êwe ême êwa bêbê hêwî ,
wêba dêda cêça çêwa wêwê.

## F «ف»

Fa fe fē fê fi fî fo fu fû baf
bef bēf bêf bif bîf bof buf bûf caf
cef cēf cêf cif cîf cuf cûf çaf çef
çēf çêf çif çîf çof çuf çûf daf def
dēf dêf dif dîf dof duf dûf caf defe
fîç fêçe bafî fêw waf.

## G «گ»

Ga ge gē gê gi gî go gew gef
gaçe gewe geç gowe gade god dûge
gobe gafe cage coge cîge boge cêge
cêga cîgo çage çoge çawge çûg deg
dêg dig dîg dog dug dug dewe fage
fege fega fêge fig fîg fog fug fûg.

## G̱ «گ»

G̱îbe g̱îde g̱îçe g̱îcc g̱îw g̱îwe g̱îf g̱îfe
g̱îçewe g̱êw bag̱ê g̱êbe g̱êfe g̱êwe g̱îwa
g̱êçe g̱êça dog̱ê dûg̱ê dûg̱î dog̱î g̱îwî
g̱îgo g̱uwê g̱oc g̱aç g̱îde g̱îçe g̱êfe.

Institut kurde de Paris

## H « هـ »

Ha he hē hê hi hî ho hu hû habê hewda hêwî hêdî hîç hîçê beh beha behê bêhê bêf bîha baho cah ceh cih coh ca ça çe çeçe çaho hahû hoho heçî hîçê hîwa waha.

## Ḧ « ح » (✡)

Ḧa ḧe ḧē ḧê ḧi ḧî ḧo ḧu ḧû ḧa ḧaḧa ḧoḧo ḧêw ḧewcê ḧewa peḧḧa ḧowe ḧewt ḧewtewanan ḧefta ḧurç beḧ.

## I « إ »

Bide biço bibe giffe , giffe-giff dido didû çibû çibê biço çiba çêbû dibê diçê.

## Î « ئى »

Bî cî çî dî fî gî hî hîwa hîwî çî bîde bewî gîw bîcû bîwe dîwe cîwe dîw dawî cîwa çaçî çî çîçî çawa çewî çawî hewî dawî bawî fawî cawî çawî fawî wîwî.

---

(✡) پیتی ( ح - Ḧ ) لەبنچینەی زمانی کوردی دانیە .



Institut kurde de Paris

## J «ژ»

Ja jo jē jê jî jo ju jû doj
jûjû jûjî jajî jawe jawe-jaw. çaj
dij dijî bijî bojo bajo wajo wêje wajî
jîjû hêja hajo hejaw jajê bijîw bijîwî ejî
bawêje dêjê de bêjê dij dijî wî jafî.

## K «ك»

Ka ke kē kê kî ko ku kû ko be bak
bek bêk bîk bok buk bûk bêcê kaw bûkoke
kef kof kuf fak fak-û-fîk çîk çêke
çûke çok çake çawke daweke
kij kej kew hewuk kewa beçke kuçik
heçik hîçak koçik koçke waçik biçûk.

## K̲ «ڪ» (☆)

K̲ê k̲î k̲îj k̲uwê k̲êwe bo k̲uwê
bak̲î çak̲î wak̲î wek̲î k̲îjeke k̲êç k̲êw
k̲êha çok̲î dada kok̲î ewe bûkî k̲ê bû

---

(☆) پیتي (K) کەبگاتە (î) یا (ê) هەمیشە دەنگي دەگۆڕێو جارجارەش
کەدەگاتە (u) یا (i) دەگۆڕێ بەلاَن نەك لەهەموو شوێنێكیدا .



Institut kurde de Paris

# L «ل»

La le lē lê lo lo lo lu lû law
legleg lêj lêw liç lîk lîkaw lawje
lawuk lawuk bêj lawên los
gel gêl gol golik kolke bî çol cûcîle
Cû cûçke kocîle keçe - kewçik ladê kil
Lawko laço biço lewî lade pelepel

# L̈ «ڵ»

DiÏ daÏ baÏ kaÏ kaÏê waÏ GuÏ ÇiÏ koÏ
baÏa kaÏa aÏ - û - waÏa heÏçû heÏo heÏdê
biÏa biÏaw kiÏaw haÏaw ȟaÏî wi glêk çake
Azad wa le jêÏÏa dê keÏîçe heÏûçe heÏûje

# M «م»

Ma me më mê mi mî mo mu mû
mam mak , mêw mêwuj mamosta maÏ baÏ
Kemo kame Cacim Çom çoman çemaw cumge
dem dem - deme cem - ceme çame cam
Çaw çew çawum lewe cêm bikewe ciger cigere
domim dî le awî çomî kemêkim aw dewê
Çawum dem demaw - dem ême

Institut kurde de Paris

## N «ن»

Na ne nē nê ni nî no nu nû
naw nawik nan man don mon kan
heng henguwînî deka çîne jeng jengawî
ceng cengeÏ çîkiÏdane dawên hewên
lawên genim ḵēn bogen bên dîwan
bin - hengiÏ maman.

## O «ۆ»

bo co ço do fo go ho ḧo jo ko
loçî boçî koçî coge çol doÏ
em guÏem bo to hênawa bonî ke.
koç - û - koçbar kocîle howe goçane.
çem çom çoman lok loke howe.

Institut kurde de Paris

## P «پ»

Pa pe pē pê pi pî po pu pû
pan panê pepû pepûle pan-û-poř gûp
gîp gîpe piÏing pêwan pagijî Pêwedan
daneweÏe kepûle ḵîp pîp canewerêḵî
pinik pinik û be hêze.

## Q « ق »

Qa qe qē qê qi qî qo qu qû qawe qawe - qaw meke qeÏem qeÏem biř qelemûne qelemindar boq baqo baqe hoqe hoqe-hoq qamik qujbin qijqeÏe qeleke quÏe bû qirte qaqay pêkenîn qajû qujbin loq.

## R « ر »

Er are er îr or ur ûr êre areqe aram erd erk kir kirdar Êran aware pûr pîr pîrî bar bare dar birdin wurd wurdewaÏe merd merdî merdan perwerde kirdin firo pird par pêrar dûr.

## Ř « ڕ »

Řa ře řē řê ři řî řo řu rû cař bař qař qaře - qař piř kirdin kelûpel kiřîn weřîn biřwa kirdin espî řewan řêwî deřewê w heÏdê řûpak û řûnak nawî kiçanin fiřge Řewandiz paytexty gewretrîn mîrî soran û Mezreky Zarî Kirmancîye.



Institut kurde de Paris

## S « س »

Sa se sē sê si sî so su sû saman serdar sêber sist sîr sone basik bisik sûrhul pest peswê pesîw pispoř wêsta awêsta hestane ser pê. nawî (Besra) ye le mêjûda Bestřaye ya bîstraye. saman.

## Ş « ش »

Şa şe şē şê şi şî şo şu şû şar şew şêr şîşe şore şuwar wuşik wuştir wuşî waşe wuştumiř pişkinîn paşekewit kirdin peşîman paşmawe peşiman doşaw şîrîne toş paşkewtî birapişt Yezdan bibeste kişmîşî şinow şaweÏê xoşe.

## T « ت »

Ta te tē tê ti tî to tu tû tawus. teşt têwedan tîn tîtle tûtîle têşû tîsmÏkî lê debêtewe kurdistan nîştimanî netewey kurde estêrekanî ser asmanî kurdstan be cirîwe cirîw kurdan we aga dênin bo řaperîn.

Institut kurde de Paris

# U « ئو »

Us pus wus wust kut wut fut Kurd kurdistan kurmanc kuĪaw hermê GuĪawî guĪendam guĪebeřoje kuwa Şuwan ?
Huner hunermendayeti kuşîn wuşte wurde Wurde bîkute.

# Û « ئوو »

Bû cû çû dû fû hû jû kû dûr bûn kûreke bidwêne rû w demû Çawut bişo řûxoşî behireyekî gewreye jûşik diřwawîye

# V « ڤ »

Va ve vē vê vi vî vo vu vû
vadan (badan) vac (goşe) givve gîve verve (befir) mirov hêvî (hîwa).

# W « و »

wa we wē wê wi wî wo wu wû
wane wuşyar wurig wawerewe honînewe Hewlêr kontirîn şare le ser řûy zewî.
hewrîyeke diřawe řawêjî wî gelek xoşe çunkû zanaye.

Institut kurde de Paris

## X «خ»

xa xe xē xê xi xî xo xu xû
xawênî ziman û bîr û kirdewe amojgary gewretrîn mirovêḵi kurdî Serdeştîye. xuwarû xêçî baş nîye.

## Ẍ «غ»

ẍa ẍe ẍē ẍê ẍi ẍî ẍo ẍu ẍû ẍan
baẍ baẍçe ẍeřẍeře baẍçewanan. baẍ û baẍçekanî Sablaẍê le beheştê xoştire kepaytexty xaḵî paḵî kurdistanî mukiryane.

## Y «ی»

ya ye yē yê yi yî yo yu yû yek
yane. yeḵêk hatuwe keybanûy kurdistane xeylany çûwe hewaran. Kurdo keyfî xoşe Azad lêydaw řoyîşt.

## Z «ز»

Zana zerd zêw zivistan zîn zû zordary baş niye. zincîrî katjimêrî perîzadê zêře. birinceke zîwanî zore. zerdeçêwe zerde. tezûy sardî w siřî. Zanayî berztirîn behreye. zistanan řojgar kurte.

Institut kurde de Paris

## مەشق

تكایە ئەم ڕستانەی خوارەوە بەتیپی كوردی ـ لاتینی بنووسە : ـ

جاترەی كوویستانان لەناو كفتەی بكرێ تام و بۆنی زۆر خۆشتر دەكات .

جالجالووكە لەباكوور دا ناوی زۆرن وەكوو : پیرك ، پیرێ ، تەڤن ـ پیرك ، پیر هەلالۆك ، داپیرۆشك ، پیرعەڤۆك و لەهەورامانێش ماماڵێ لەڕەواندزێش داپیرۆچكەو لەلوڕستانێدا شەیتانەكی پێ دەڵێن .

جووجیلەكان لەدەورەی دایكیان هەڵنیشتوون .

جۆلانە لەباكووڕ ( هێلـەكان و لە هەورامانیش لەلووە وەلەهەولێریش لەلووك و لەلوڕستانێشدا هەڕەزان )ی پێ دەڵێن .

---

## Meşiq

Tikaye em řistaney xuwarewe be tîpî kurdî - Arewî binûse : -

Xuwardinî catire xuwên řûn û pak û xawên dekatewe.

Tewnî caÏcaÏûke be tozekeyewe bikutrê w aÏebêj bikrêt ew kesaney ke be hîç dermaneki̱ xuwênî lûtiyan řanawestê çend carêki̱ tozekey heÏmijin le hemû dermnnêki̱ bê niyaz debin.

Colane diÏî mindaÏan xoş û leşîşyan sax dekat.



Institut kurde de Paris

# A



Awpaş

Awêne



S. Awpaş
B. Avřêj , avřeşîng , avpij
F. Awřeşker
H. Awpijgin, awpijin

S. Awêne
B. Qodiya ronahiye mirig , neynik
F. Camek , ayîne
H. Cam

---

S. Awpaş awî pê deřişênrê
B. Avřeşînk av pê tête řeşandin.
F. Awřişeker aw řeşe we pê ekiryê.
H. Awpijgin awřîş pine pijgina.

---

S. Awêne wêney merdumî nîşan dedat.
B. Qodiya řunahîyê şiklê mirovî nîşandet.
F. Ayîne wêney merdum dîyarî key.
H. Cam şêwe w piyayîş mirmana.

Institut kurde de Paris

# Meşiq

Tikaye em řistaney xuwarewe be tîpî Kurdî - Arewî bînûse : -

Mamiz le katî ẍardanêda tîjřoye w be bêçûy wîş deÌên karmamiz.

Mesîneş her aftaweye.

Mirov le awêneda bejn û baÌay xoy debînê.

Be awpaş şuwênî wuşk û parçe guÌ û guÌzarî giçkey pê awřişên dekrêt.

---

## مەشق

تکایە ئەم ڕستانەی خوارەوە بەتیپی کوردی ـ لاتینی بنووسە : ـ

ئاسك لاق و ملی درێژەو گۆشتی خۆشە .

مامز تەنها لەدەشتاندا دەژی .

ئافتاوەو لەگەن لەمسی دروست دەکرێن .

ئاوێنە لە ( ئاو وێنە ) وەیە ، لەپێش پەیدا بوونی ئاوێنەدا لاوو شۆخ و نازداران لەقەراخ ئاواندا ڕادەوەستان و وێنەی خۆیان لەئاوێدا دەدیت .

ئاوپاش لەتەنەکەو چینکۆ دروست دەکرێت .



Institut kurde de Paris

# B



Badewe

Baz



S. Badewe
B. Fiȓfiȓok, bafiȓ
Balefiȓok
F. Bal̈fiȓnek
H. kolare

S. Baz
B. —
F. —
H. —

---

S. Badeweke zor bil̈ind bûwe.
B. Fiȓfiȓok gelek bilind bûye.
F. Bal̈fiȓinkege fire bil̈ind bûye.
H. Kolareke fire beriz biyeno.

---

S. Baz bal̈indeyêkî ȓawkere.
B. Baz tewaleḵî neçîrkere.
F. Baz bal̈indeyeḵî ȓawkere.
H. Baz bal̈indey wi rawkere.

Institut kurde de Paris

# B



Bsik



Baweşên

S. Basik
B. Zend
F. Beleçeq
H. Herejin

S. Baweşên
B. Başînk , baweşînk
F. Baweşên
H. Wadroşe

---

S. Azad baskî xoy heÏmaÏiwe.
B. — baskê xuwe yê veday.
F. — beleçeq û xuwey eÏmaÏîwe.
H. — meçek û wêş harmaÏan.

---

S. Baweşên heway fênik dekat.
B. Başînk hewa hun diket.
F. Baweşên bay hinik ekat.
H. Wadroşe hewa fênik kero.



Institut kurde de Paris

# B



Befir



Bulbul

S. Befir
B. Berif
F. Werf, wefir
H. Werwe, verve

S. Bulbul
B. ——
F. ——
H. Biïbiï

---

S. Befir kilû kilû debarê.
B. Berif bi patořê dibarê.
F. Wefir we kullî warê.
H. Werwe divdiney waro.
H. —— kulû kulû ——.

---

S. Bulbul dengî xoşe.
B. —— —— —.
F. —— —— xuweşe.
H. Biïbiï dengeş weşa.

Institut kurde de Paris

# B



Bezok



Boq

S. Bezok (otomobîl)
B. Tiřumpêl
F. ——
H. ——

S. Boq
B. Beq
F. Quřwaq
H. ——

---

S. Bezok xoş debezê.
B. Tirumpêl xoş - beze (a bezaye).
F. —— tun eçê.
H. Bezok weş milo.

---

S. Boq deqiřênê.
B. Beq quřequř jê tê.
F. Quřwaq qîřqař ekey.
H. Qiřwaqe qiřno.



Institut kurde de Paris

# Meşiq

Tikaye em řistaney xuwarewe be tîpî kurdî Arewî binûsewe : -

Badeweke zor beriz botewe.

Bazeke řawî kerwêşk̲êk̲î na w girtî.

Azad zor merdane bask̲î xoy lê heÏmaÏîwe.

Baweşênî karebayî tenha be hêzî karebaye dexulêtewe.

Befir ke debarê kuluwekanî heşt cûrî zor seyin her wekû le lapeře (34) le lay serewe da wênekanyan debîndirên.

Lew şuwênaneda ke nêzîk̲î stêrû golû çemû řûbaranin betaybetî le êwaran da qiře - qiřî boqan mêşk̲î ser debat û mirovî sexÏet û bêzar û herasan dekat.

Bulbul le naw gêtîda deng xoştrînî baÏinde w peřewurane.

Řawkaran be hoy bazîyewe řawî peřindew w peřewur û kerwêşk̲an deken.



Institut kurde de Paris

## مەشق

تکایە ئەم ڕستانەی خوارەوە بە تیپی کوردی ـ لاتینی بنووسـەوە :ـ

بەنی بادەوەکەی ئازادی پسا بایەکی سەخت هەڵی کردێ و کەس

نەیزانی بادەوەکەی ئەو منداڵەی بۆ کووێ برد.!!!

باز باڵندەییێکی دڕندەو گۆشت خۆر و خووێنرێژە ژیان و گوزەرانی

وی تەنها لەسەر کوژتنی کەروێشك و باڵندە گچکەکانە کە لەخۆی بێهێزترن

باسك کەوتوّتە نێوانی ئانیشك و مەچەکی دەستیەوە .

بۆق گیانەوەرێکی پیس و ناشیرینە لەناو ئاوو هەوادا دەژی ، ئێواران و بە تایبەتی

لەسەرەتای شەوێدا بەبێ ئەوەی نۆبە بدەنە یەکتری تێکڕا بێ سەروبەر دەقرێنن

کاتێکي ئێمە کە لە ڕەواندزێ بووین باخچە و گوڵزارێکي زۆر ڕەنگین و

گەورەمان پێکەوە نابوو ، کەم گوڵ هەبوو لە ڕۆژهەلات و ڕۆژاوایەدا کە

تێیدا نەبێ ، گومانم لەوەدانیە کە ئەوسا باخچەو گوڵزارێکي واجوان و

خۆش و ڕێك و پێك و بۆنخۆش نەك لە وولاتی شارەزووریدا (واتا هەولێر

و موصل و کەرکوك و سلێمانی) بەڵکو لە هەموو عێراقێ دا هاوتای نەبوو

سبەینەو ئێوارەو سەرەتای شەوان بولبولان لەناو گوڵزارەکەیاندا دەخوێند

خۆکە چریکە ئاسمانی یەکەیان درێژە پێ دەدا دڵێك نا هەزاران دڵیان شێت

و شەیدا و سەرگەردان و سەر پڕ لە سەودا دەکرد وەبگرە کە مرۆیانیان بەبێ مەی

سەرخۆش دەکرد گەلێك جاران بەهەشتی سەید طاهای شەمزینی و مووچە خۆرە ـ

کانی ڕەواندز شەوانـە بۆ ئەوەی دەماغی خۆیان بە دیتن و بۆنـکردنی گوڵان و

بیستنی ئاوازە خۆشەکانی بولبولان تەڕ بکەنەوە دەهـاتنە ناو باخچەکەی ئێمە و تا

نیوەشەوێیان تێدا ڕادەبووارد .

Institut kurde de Paris

# C



Catre

Caïcaïûke



S. Catre
B. Catir , Catirik
F. Hezbê , Hezbuwe , Ezbû
H. Hezbê

S. Caïcaïûke , dapîroçke
B. pîrik , pîrê , pûrevok
F. şeytanek , melşeytan
H. Pespesekoïê , mamaïê

---

S. Catre tewujmî xuwênî dênête xuwarê.
B. Catir tewujmî xuwîn nizim diket.
F. Hezbuwe tewujmî xuwên diyarê we xuwar.
H. Hezbê tewujmû wunê maïore war.

---

S. Caïcaïûke tewnî be dewrî xoyda detenê.
B. Tevin pîrik tevnê xo dora xo çê diket.
F. şeytonok tewnî we dewur xoyewe etenî.
H. Pespesekoïê tewunî dewur weşene teno.

Institut kurde de Paris

# C



S. Colane
B. Hêzok
F. Heřezan
H. Leluwe

S. Mindaĺan gemey colaneyan le giŞt geman pê xoştire.
B. Piçûka yariya hêzik̲ê pitir devêt je gelek leyîza.
F. Minaĺêl heřezan wazî le giŞt wazîyî le layan xoştire.
H. Zařoĺê geme w dîlarê ce gird gemyoș pene weştere.

---



S. Cûcîle
B. Cûcelik
F. Çîçik
H. Cûceĺê

S. Cûcîlekan le dewrî dayk̲iyan da çîney deken
B. Cûcelok dorê daka xuwe tomkî xon.
F. Cucgeĺeke we dewir dalg̲îyan çunig eken.
H. Cûceĺeke dewr û ezayîşane çîne kera.

Institut kurde de Paris

# A

## Beşî xuwêndewaran



Asik , mamiz



Aftawe

S. Asik , mamiz
B. Mambiz
F. Ahû
H. Asik

S. Aftawe, mesîne
B. Mesîn
F. Eftawe , misîne
H. Aftawe

---

S. Asik pêy dirêj û kilkî kurte.
B. Mabiz ling dirêj û kuřî kurte.
F. Ahû pay dirêj û dumî quĬese.
H. Asik payeş dirêjenê w qilinçkeş kotan.

---

S. Aftawe w legen le misî dirust dekrên.
B. Mesîn û destşo ji misî dêne çê kirin.
F. Aftawe w destşûr je misi durust ekiryê.
H. Aftawe w legen ce misî durus kiryo.

Institut kurde de Paris

# Ç




Çaw



Çetir

S. Çaw
B. Çav, çehiv
F. Çem, çew
H. Çem

S. Çetir, seywan
B. sihwan, sûwan
F. Seywan
H. Çetir

---

S. Perîzad çawî ȓeş û gewreye.
B. —— çavê wê ȓeş û mezine.
F. —— çewî sîyese w gepe.
H. —— çemêş siyawênê w zilênê.

---

S. Çetreke heÏde barane debarê ba teȓ nebîn.
B. Sihwanê veke barane tê da em teȓ nebîn.
F. Seywaneke elde waran warê ta teȓ newîn.
H. Çetrekê horde waran waro ba teȓ nebîmê.



Institut kurde de Paris

# Ç

## MEZREKEY ÇAPXANEY KURDISTAN




تکایە ئەم مەبەسە مێژوویەی خوارەوە بەتیپی کوردی ـ لاتینی بنووسەوە :ـ

داماو ( حوزني ) موکریاني برام کەیەکەمین کەسە مێژووي کورداني بەزماني کوردی نووسیوەتەوەو لەنێواني سالآني ١٩١٣-١٩١٤ دا خەریکي کرِیني مەزرەکە ( ماشێن )ێکي چاپی کوردی بوو لە ١٩١٥ دا مەزرەکەی ناوبراو لەئەلمانیاوە گەیشتە بێرووت و من خۆم لەگومرگی وێم دەرخستو گەیاندمە شاري حەلەب ئیتر هەر لەو ساڵیدا لەبازارِچەي سوێقەی دامەزراند . لەسالي ١٩٢٥ دا بەماڵو چاپخانەوە چوونە رِەواندزێو لە ٢٠-٩-٩٤٧ کەڵەگا خوێنمژەکاني دوژمني مرۆڤایەتي و دژی نەتەوەی کوردی بار کەوتوو داماوي برامیان لەبەغدایەدا بەهۆی خێزانە سپڵەو بەد نمەکەکەی خۆیەوە دەرمان داو کردو خانووەکەی براشمیان لەرِەواندزێ داگیرکرد ، ناچار چاپخانە هەتیوەکەم گوێزتەوە شارە دواکەوتوو و بێکەسو بێ خەمخۆرەکەي هەولێر کەکۆنترین شارە لەسەر رِووي زەوي و لەسەرەتاي مێژووەوە تائەوکاتەی کەوتە ژێر دەستي عوسمانیانەوە هەمیشە کانگاو لانکی شارستانیەتي رِووي زەوي بووەو لەهەموو گۆشەیێکي جیهانەوە داخوازاني زانیاريو هونەر رِوویان تێ دەکرد .

کەوایە یەکەمین کوردێکي کەبەزماني کوردي مێژووي بۆکوردان دانابێ داماو ( حوزنی ) موکریانيیەو یەکەمین چاپخانەیێکي کەبۆ رِاژەي زمانو وێژەو مێژووي کوردي بەپارەي کوردێکي دڵسۆزو یەکرِەنگ دامەزرابێ هەر چاپخانەي کوردستانەو بەس .



Institut kurde de Paris

# D



Dar



Daĭaş

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| S. | Dar , Dirext | | S. | Daĭaş, kepenek daĭ |
| B. | — | — | B. | Qurtê kelaxa, qertel |
| F. | — | — | F. | Daĭ |
| H. | — | — | H. | Daĭ ‹ Daĭaş |

S. Darekan berzû sewzin.
B. Ew dar bilind û îd keskin.
F. Dare lege biĭin û sewzin.
H. Darekê berzê w sewzênê.

S. Daĭaş laşe xore.
B. Quřt kelex xore.
F. Daĭ mirdar xuwere.
H. Daĭ mirdar wera.

Institut kurde de Paris

# D

  

S. Demançe, Şeşagir — B. Demançe
F. ——— — H. Werwer, demançe

---

S. Miqest, cawbiř — B. Hac, tořtan
F. Nafîre — H. Duwardî, megrîcenî

---

S. Dûpişik — B. Dûvpişik
F. KuǏajdum — H. DimarekoǏ, marekoǏ

---

S. Demançe bo bergirî w parêzgarî w tawanbarî durust kirawe.

B. Demançe jibo berevanî w parastin û xirape hatîye çêkirin.

F. Werwer eřay parêzgarî w tawanbarî durust kiryage.

H. Werwer pey pas û pey tawanbarî durust kiryan

---

S. Dûpişik dîmenî dizêw û pîse w pêşwe dedat.

Institut kurde de Paris

B. Dûvpişik řû pîse w peveşî det.
F. Kuľajdum dijînî pîse w eda pêw.
H. Dimare-koľ dîmeniş naşîrîn û pîsû yûy gezo.

« مەشق »

تکایە ئەم دِستانەی خوارەوە بە تیپی کوردی - لاتینی بنووسە : -

دار سێ جوورن : «١» داری سەوزو بێ بەر «٢» داری سەوز و بەردار «٣» داری ووشك و بڕاو کەئەویش سێ جوورن : «١» داری سووتەمەنی «٢» داری خانو و بەرەو دووکانان «٣» داری پیشەسازی و هونەرمەندان ٠

دالاش بەقەد قەلەموونەیێکی دەبێت . دەمانچە چەکێکی مرۆڤ کوژیە مقەست ووشەیێکی کوردی نیە بەلان بەهەورامی (دووادری، مەگریجەنی) و بەفەیلی (نافیرە) و بەکرمانجی تۆرتان و بەموکریانی جاو بڕی پێ دەلێن ٠

« Meşiq »

Tikaye emaney xuwarewe be tîpî kurdî-Arewî binûse : -

Demançe bo parêzgarî w tawanbarî durst kirawe
Miqest kurdî niye be Feylî ( nafîre w be Hewramî duwardî w be kirmancî tortanî pê deľên.
Be darî berdar û sewuz deľên dirext.
Darekem hêşta nedîtuwe.
Dare heľûçeke êkcar zorî ber girtuwe.

Institut kurde de Paris

# E



Esip

S. Esip

B. Hesp

F. Esip

H. Esp



Espe - asnîne

S. Espe - asnîne, Espe - darîne

B. Kerk̲ê asin, hespê asin
hespa bayê, hespika bayê

F. Dûçerxe

H. Ȓewȓewe

---

S. Espeke be singî bestrawetewe.

B. Hespê bi singê hatîye girêdan.
hespa pisigva girêhdaîye.

F. Espege we mêxewe besyage.

H. Espeke be mêx bînyano.

---

S. Caran le Kurdistanê da be espe - asnîneyan dekut espe - darîne.

B. Berê li Kurdistanê digotine payîsklê hespe - darîne.

F. Caran le Kurdistan we şeytan - suwar ewutin espe-darîne.

H. Caran ce Kurdistanene be espe - asnîney waçênê aspe darîne.

Institut Kurde de Paris

# E



Espon



Eengustîle

S. Espon, çoxan
B. Tûsî
F. Ispen
H. Ziroy
Řojbîyanî. girok

S. Engustîle, emustîle
B. Gustîřik, Hungulîsk gustîlik
F. Kiligwane, kilwong kiĭgane
H. Gilikwane
Řojbîyanî. pencewane

S. Espon giyayekî Kurdistanîye binekey be kutrawî cilkî pê deşorê w başîşî xawên dekatewe.

B. Tûsî giyayekî Kurdistanîye binê wî bi qutanê cilik pê dêne şûştin û baş paqij dikat.

F. Ispen gîyayege le Kurdistan binekey hîşk eken we kutney pirtal wepêy şûrin we xas pak eka.

H. Ziroy giwawû Kurdistanîye binekêş be kuwayî cilêşpene şorya xaseş pak kerowe.

S. Engustîleyekî cuwanim heye.
B. Gustîrkeka cuwan mina hey.
F. Kiligwanig řengînê dêrim.
H. Gilkewaney cuwanim hen.



Institut kurde de Paris

## « Meşiq »

Tikaye emaney xuwarewe be tîpiî kurd-Arewî binûse : -

Espeke deleweřê w be singî bestrawetewe : -
Be espe - asnîney dû çerxeş deĺên.

Engustîle dû cûrin yekêkiyan wekû em wêneyey serewey lapeře (47) waye bo cuwanî le qamik dekirê, ewîtiriş wekû qepêlkî beřûy waye le katî durmanê da le qamik dekirêt.

### « مـەشق »

ئەوانەی خوارەوەش بەتیپی کوردی ـ لاتینی نووسینیان تکایە : ـ

وولاخی بەرزە برێتی یە لەئەسپ و ماین و ئێستر جاکە بۆ سوواری دەست بدات وولاخی سوواری ( یاوولاخی زینی ) پێ دەڵێن کەهی باری بێ بارگین و یابارگیری پێ دەڵێن .

بەسوواری ئەسپە ئاسنینە بەشووێنانی دەشت و گۆڕەپان و ماوە نزیکدا کۆچ دەکرێت بەلان لەهەورازانی سەخت و چیایان دا سەر ناکەوێت چونکوو تەنها بەهێزی پێیان دەڕوات .

ئەسپۆن باشترین و خاوێن ترین سابوونێکي کوردستانی یە .

ئەنگوستیلە بۆ جووانی لەقامك دەکرێت .



Institut kurde de Paris

# F



Fiřoke



Fiřoke - şik̲ên

S. Fiřoke
B. Balafiř, pivok, fřinde
F. Fiřoke, wapeyma
H. BaÏwên

S. Fiřoke - şik̲ên
B. ———
F. Fiřoke - şiken
H. Fiřoke - şik̲ên

---

S. Fiřoke wekû baÏinde defiřê beÏan tîjřotire w mandûş nabêt.

B. Balafiř wek̲î tuwarî difřêt ji wî biza tire w nawestêt

F. Wapeyma çû baÏine baÏgirîg beÏê tuntire w şeket miyog.

H. Fiřoke pêsey baÏdarê fiřyo beÏam me manyo.

---

S. Fiřoke - şikên core topêke eger bêtû fiřokey şeřê bing̲êwê deyxate xuwarewe.

B. Balafiř - şik̲ên tuxme topeke hekû bêt fiřokey şeřê bing̲êvit d̲êînete xuwarê.

F. Wapeyma - şiken cûre çek̲êke eger day le wapeyma exate ew xuwar.

H. Fiřoke - şik̲ên cûre çek̲ê wen eger fřokey ceng bidojunê wuzo şerewar.

Institut kurde de Paris

# F



Fîşek



Fîl

S. Fîşek
B. ——, Fîşeng
F. Şeng
H. Fîşek

S. Fîl
B. —
F. —
H. —

---

S. Fîşek biřêtîye le qabuẍ û gulle w bařût.
**B.** Fîşek ji qalik û berik û bařûtê pêk hatîye.
F. Şeng le qewaq û bařût û gulle durust ekiryet.
H. Fîşek biřêtîya ce qawuẍ û gul̈ol̈ê w dermanê.

---

S. Fîl demî nagate ser zewî, aw û xuwardemenî be quřtimî hel̈degrê w deygeyênête nêw zarî.
**B.** Devê fîlî nagihête erdê bi lempîsê aw û xarinê digehênête devê xo.
**F.** **Fîl demî we zemîn narisê aw û xorak we xertûm elgirî we dew neyge.**
**H.** Fîl demiş meyawene ser zemînî be qurtûmiş warde w awî horgêra minyoşene demeş.

Institut kurde de Paris

# « Meşiq »

Tikaye ew řistaney xuwarewe be tîpî kurdî-Arewî binûsewe : -

Fiřoke wekû baÏinde teqÏey lê dedat.
Fiřoke şk̲ên řûy lûley topekey le ȟewaye.
Fîşek le seretawe deÏêy bo mirov kujî durust kirawe. Fîl qeÏafetêk̲î zilû lendehorî heye. le Hîndustanêda fîlî bo suwarî w bare - berî řenêw dehênin.

Ke fîl tûře kirê be quřtimî awê be xeÏk̲î dadekat.

« مـەشق »

تکایە ئەم ڕِستانەی خوارەوە بەتیپی کوردی- لاتینی بنووسەوە : -

فرِۆکە بۆ مەبەسی بازرگانیو سەیرانو کۆچو پتر بۆ وێرانکاری و ئاوایی سووتاندنو مرۆڤ کوژی دروست کراوە .

فیشەك بەچەکی گچکەی وەکوو دەمانچەو تفەنگ دەهاوێژرێت بەهی تۆپی دەڵێن گوللە تۆپ و دانە تۆپیشی پێ دەڵێن .

فیل زاری ناگاتە سەر زەوی هەموو چتێکي بەهۆی قورتمییەوە دەگەیێنێتە زاری .

پیاوان ئەنگوستیلەی لەقامکە تووتەڵەو ئافرەتانیش بۆ جووانی لەچەند قامکێکي تری خۆیانی دەکەن .

Institut Kurde de Paris

# G



Gamêş

Gurig



S. Gamêş
B. —
F. —
H. —

S. Gurig
B. —, Gur
F. —
H. werig

---

S. Gamêş be qel̆afet le manga gewretirew şîrîşî pitre
B. Gamêş ji çêl̆a bi qel̆afet - tire w bi şîr tire.
F. — be qel̆afet le manga geptire w şîrîşî fire tire
H. — ce gawê gewretera we şotîçîş fire tire.

---

S. Gurig dir̆indeyêk̲î ajal̆ xore ke birsî bê û ser zewîş be befrî dapoşrabê şer̆ be mirovanîş defroşêt.

B. Gurig dir̆indeyêk̲î pez xuwere heke birsî bit we berfê erd girtbê bel̆a xuwe difroşte mirovan.

F. Gurig dur̆indeyêk̲î goşt xwuere er bisî bêw befir zemînî poşabê ceng wel ayem eka.

H. Werig dir̆indêwê ajal̆ wera er ewraş bow serû zemînîş be verve poşya bore şer̆ be piyay wur̆eşo.

Institut kurde de Paris

# G



Gul̈



Gul̈ebeřoje

| | |
|---|---|
| S. Gul̈, kul̈ûk, gul̈al̈e | S. Gul̈ebeřoje |
| B. Netrîk, kulîlik | B. gulbeřoj, gul̈aberbeřojê |
| F. Gul̈ | F. gulî ber eftawê |
| H. Wul̈î | H. řocyar-peris, řojyarperis |

---

S. Gul̈î gul̈awê cuwan û bon xoşe , gul̈aw lew werdegîrêt.

B. Gul̈ Mihemed sipehîye w bên xoşe, w ava gula ji wê têtc girtin.

F. Gul̈î gul̈awê řengîn û bon xoşe, gul̈awî lê durust ekiryê.

H. Wul̈a gul̈awê cuwan û boş weşene, gul̈awîş gîryoçine.

---

S. Gul̈e beřoje hemîşe řûy be lay řojêda desûřênê.

B. Gula berbeřoj her çax ber biřoje.

F. Gul̈î xoretaw hemîşe řûy le xor eka.

H. Řojyapirs hemîşe řuweş la řociyar bere kera.

Institut kurde de Paris

# G



S. Guĺe-pêẍemibere, genme-şamî
B. Genim-şamî, gaȓis, dexiĺşamî
F. Ziȓȓat
H. Zeȓȓat

« مـەشق »

تکایە ئەم پرسیارانەی خوارەوە بە تیپی کوردی - لاتینی بنووسەوە :-

گامێش شیری چەورە بەنێرەکەی ( کەڵ )و بەگوێلکی یەکدوو ساڵیشی ( پاڵاغ ) دەڵێن کەتەمەنی بگاتە سێ ساڵی (هێوەرە)یە . گورگ جانەوەرێکی دڕندەو بێ شەرمە . لەگوڵی گوڵاوێ گوڵاو وەردەگیرێ . گوڵەبەڕۆژە سبەینانو ئێوارانیش ڕووی لەڕۆژە . گەنمەشامی تەڕ بەبرژاوی لەخوێواوکێ هەڵکێشرێ خواردەمەنیەکی زۆر بەتام و خۆشە .

بەهاران کەتەووژمی خووێن پتر دەبێ ، لەکوردستانیدا پێشی هەنگامە جەرگ برەکانی یـەوە دەگرن کەبەهۆی زەروو ، کەڵەشاخ و ئیستیکان یانەشتەری خووێن بەردەدەن و سوودێکی ئێجگار زۆری لێ دیتراوە . هەر کەسێکی لەکاتی زۆرەوانیدا یەکێکی تر بخات بەسەر کەوتووی دادەنێن و پێی دەڵێن بردیەوە .

زین لەقایش و دارو چەند پارچە ئاسنێك دروست دەکرێت . کەسووار بـۆ ئاوێکی لەسوواري وولاخەکەي خۆی دابەزێ دەسکی لغاوەکەي بەقەڵپووزەکەی دادەکات .

---

هەزاران سوپاس بـۆ یەزدانی پاك و تاك کەبەئاسانی خوێندنی پەرتووکی کوردی لاتینی سالی یەکەمم کۆتایی پێدا خـودا یاربێ لەسالی دادێ دەست بـە خووێندنی پەرتووکی کوردی لاتینی سالی دووەمیش دەکەم .

✡ ✡ ✡

# (✡)ŘÊZMANÎ KURDÎ ڕیزمانی کوردی

هەموو کەسێك لە گشت وولآت و هەرێمێکی دا تەنها بە تا کە زمانێکی نادووێن هەروە کو لە هیندوستانێ بە هیندی و لە فەڕەنگستانێ دا بە فەڕەنگی و لە خاکی ڕووسیادا بەڕووسی داخووێن و ... هتد . ئێمەش لە وولآتە شیرین و دڵگرەکەی خۆماندا کە کوردستانە بەزمانە شیرینەکەی خۆمان دەدووێین کە کوردیـیە .

پەڕتوو کێکی کە بەباشی ئێمە فێرە ئاخۆتن و خووێنـدن و نووسـین بـکات « ڕێزمـــان » ی پێ دەڵێن .

ڕێزمان سودی ئەوەیە کە بەبێ هەڵە مرۆی فێرە ئاخۆتن و خوێندنو نووسین دەکات بۆ فێر بوونی ئاخۆتن و خوێندنو نووسین ڕستە بەکار دەبرێت . ڕستەش لـە ووشان دروست دەکرێ و هەر ووشەیێکیش لـەیەك یالەچەند پیتێکی یەوە سـاز دەکرێت . بەدەستەی هەموو پیتەکان دەڵێن ( ئەلفـو بێ ) .

ئەلفـو بێی کوردی بەتیپی لاتینی هەروەکوو لـەلاپەڕە ( ٣ و ٤ )دا دەبینرێن (٣٨) پیتن و ئەوانیش تێکڕا بەسەر دوو چینان دابەشکراوون کەچاپی و دەستنووسن وەهەر چینێکی وانیش دوو جوورن گەورەو گچکە .

## ( Sillabe مقطع ) Biřge برِگە

هەر ووشەیەي یەك یاچەندین برِگەي هەیەو هەر برِگەیەکیش پارچە دەنگێکی تایبەتی و سەربەخۆی هەیە کەئەویش لەیەك یالەچەند پیتێکی پێك دێت .

A , O , Ê , Û نموونەي ووشەي یەك برِگەیي

Çake, bîwur, kawe, şê-we, řê-wî » دوو » »

Ço-le-ke, ba-ře-kew, da-re-tû » سێ » »

Çu-war-çê-we, da-mez-ran-din » چووار » »

kol-ke-zê-řî-ne, dest-lê-heľ-gir-tin » پێنج » »

---

(✡) بەپێي توانا هەوڵم داوە کە بە کورتی هەر چووار زاراوەکان بگرێتەوە .



Institut kurde de Paris

## ووشەی سادە و لیکدراو

# Wuşey Sade w Lêkdiraw

ووشەی سادە ئەوەیە کەلەیەك پارچە پێك هاتبێ‌و واتایەکی سەربەخۆی هەبێ وەکوو :ـ دارا ، سووار ، ڕِووانین ، هەولێر ، ڕێواس ، کەنگر .

ووشەی لێکدراو برِێتیەلەدوو یالەچەندین ووشە کەلێکدرێن‌و بەهەموویان یەك واتا بگەیەنن وەکوو :ـ دار-دەست ، شۆڕە-سووار ، زان-یاری ، ڕِۆژ-نامە

## Gîre گیرە « شدة »

لەشێوەی زمانی کوردی‌دا لەهەر ووشەیێکی‌دا هەر پیتێکی بگیرێ دوو پاتـە دەکرێتەوە وەکوو :ـ

Kulle, Gulle, Pillar, Řeqqe, Giře, Guře

گوڕِە ، گرِە ، ڕِەققە ، پللار ، گوللە ، کوللە

## Hemze هـەمزە ء

هەمزە ء لەزمانی کوردی‌دا زۆر بەکار دەبرێت بۆ نموونە :ـ

ئاوا ، ئەتۆ ، ئۆی ، ئێرە ، ئەء ، هـەء ، دوء ، دەیء ، هـایء ، هەیء لـەبابی منت کەوی . Hayi هـەروەکوو لەسەرەوە دەبینرێ «ء» لـە کوردی لاتینی‌دا لەنێوو دوِایی ووشاندا بە «i» دەنووسرێت .

## ث ص

پیتی ( ث ص ) لەکوردی لاتینی‌دا هەر بە«S» دەنووسرێن وەکوو : کوثر ، صادق sadiq, kewser.

## ذ ض

پیتی ( ذ ض )یش لەناو ئەلفو بێی کوردی لاتینی‌دا هەر بە«Z» دەنووسرێن وەکوو :ـ ( ذرة : Zeře ) ( ضروری : Zerûry ) .

# ض

پیتۆڵ و زاناو ئارەوی زانی ناوداری کوردی دیاربەکری ( یوسف ضیاءالدین ) پاشای خالدی کەنەوەی مەولانا خالدی شارەزووری بووە لەبەرتوو کە نایابەکەی خۆیدا کەنزیکەی (٧٨) ساڵ لەمەوپێش لەئەستەنبوڵی بەناوی ( الهدیة الحمیدیة فی اللغة الکردیة ) چاپکراوە دەفەرمووێ دەنگی (ض)ی عەرەبی کەمەلایەکانی کوردەواری وەکوو لامی قەڵەوی دەخوێننەوە هەروەکوو ( ولاالضالین )ی دەکەن بەولاالڵاڵین دەنگی ئەو ( ض )ە عەرەبییە لە لامی قەڵەوی کوردی وەرگیراوە .

---

# ع

لەوانەیە کەزانا پایە بەرزو خەباتکارە بێ هاوتایەکانی بەدرخانییان پیتی (ع)-یشیان هەر لەبەر ئەوە خستبێتە پشت گوێیان کەچونکوو لەزمانی کوردیدا نیە بەڵان بۆ ئەوەی ئەلفو بێی کوردی - لاتینییەکەمان کەموکووڕی تێدا نەمێنێ و هەموو جۆرە دەنگێکی خۆماڵیو بێگانانیشی پێ بنووسرێ وام بەبەرژەوەند زانی کەلەجیاتی ویش هەر پیتی « i » بەکار ببرێ بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە دەکونە ناوەندو دووایی ووشانەوە وەکوو تەعریف Teirîf ، وەسیع Wesîi تەعلیم Teilîm ، سەریع Serîi .

بەڵان تیپی ( ع ) لەسەرەتای ووشاندا بەپێی سەرو بۆرو ژێری وی بە ( A E Ê Î U ) دەنووسرێت وەکوو :- عەلی Elî ، عالم Alim عێلات ، Êlat ، عیسا Îsa ، عوسمان Usman .



Institut kurde de Paris

## (Ē ē) ۆ ـۆ

هەروە كوو لە ناو ئەلف بێی فەرانسەیی دا دەنگێكی سەیر و تایبەتی هەیە بە یەكێك لەمانە ( e, eu, œu ) دەنووسرێت ئێمەش بە تایبەتی لە موكریانێ دا ئەو دەنگەمان هەیە بەڵان چارە سەری تیپی تایبەتی بۆ نە كرابوو سا بۆ ئەوەی ئەلف و بێ كوردییەكانمان لەم لایەنەشەوە كەمو كووڕییان تێدا نەمێنێ وام بە بەرژەوەند زانی كە لەسەر پیتەكانی ( و E ) خەتێكی باریك و كورتی وەكو سەر دابنێم تائەم دەنگانەی كە لەم ووشانەی خووارەوە دایە پێیان بنووسرێ : گۆني G̱ēnî

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| G̱ēreke | Ḵēn | Ḵēstan | Ḵērewerî | G̱ēzing | G̱ēz |
| گۆرەكە | كۆن | كۆستان | كۆردەوەري | گۆزنگ | گۆز |
| Şēn | Xēn | nēj | dēnê | Sēr | |
| شۆن | خۆن | نۆژ | دۆنێ | سۆر | |

پێویستە ئەوەش لەبیر نە كرێت كە لە زۆر شووێنانی كوردستانێ دا ئەو دەنگە بەكار نابەن و لەلای وان دەنگێكی واي هەیە كە بەم سێ پیتانە (uwê) كرك (تلفظ) دە كرێت وە كوو : گوویز G̱uwêz نوویژ nuwêj شووێن Şuwên

كوویستان Kuwêstan

---

## G K

پیتی ( K و G ) كە بگەنە ( Ē Ê Î وUWE و پیتی گ ک ) بگەنە ( ۆ ، ێ ، ي ، وێ ) دەنگێكی سەیر و جیاواز و تایبەتیان هەیە منیش دوواي سەرنج دانێكی زۆر وام بە بەرژەوەند زانی كە لە كاتی ئەم دەنگە جیاوازانە دا خەتێكی كورت و باریك لە ژێریان دابنێم وە كوو :

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| G̱ēz | G̱êwuj | G̱êre | G̱îşe | G̱îrfan | G̱uwênî |
| گۆز | گێووژ | گێرە | گیشە | گیرفان | گووێني |
| Ḵēn | Ḵêye | Paḵî | Çaḵî | Ḵuwêr | Ḵuwêstan |
| كۆن | كێیە | پاكی | چاكي | كووێر | كووێستان |



Institut kurde de Paris

# Naw, Nav, Namê ناو ، ناڤ ، نامێ

ناو ووشەیێکە بۆ ناوبردنی کەسێکی ، گیان لەبەرێکی یاچتێکی بەکار دەبرێت کەبەچاو ببینرێت یابەهۆش هەستی پێ ئکرێت وەکوو : -

ناوی کەسان : ئازاد ، کوردۆ ، شێرزاد . ووریا ، کاوە ، خوناڤ ، زەردەشت .

ناوی گیان لەبەران : ئەسپ ، مانگا ، پلنگ ، لەگلەگ ، بولبول ، مـار ، مێروو

ناوی ئەو چتانەی کەدەبینرێن : ئالا ، چەك ، پێشمەرگە ، چیا ، خانوو ، دار .

ناوی ئەو چتانەی کەنابینرێن بەلاّن بەهۆش هەستیان پێ دەکرێت :

کوردایەتی ، ئازادی ، زانیاری ، خەبات ، بیروباوەڕ ، هێمنی ، خۆشی .

ناو دوو لکی هەیە : -

# Sade, Têkelaw ساده ، تیکەلاو

ناوی سادە - سادە ناڤ : لەتاکە ووشەیەك ڕێك کەوتووە وەکوو : ئازاد ، دارا ، باغ

ناوی تێکەلاّو - پارچێم ناڤ : ناوێکە لەدوو یـا لەچەند ووشەیەك ڕێـك دەکەوێ وەکوو : شێر-زاد ، پیر-مەم ، باخ-چە ، کوڵ-کە - زێ-ڕی-نە ، مام-ڕێواس

ناو دوو جووریشی هەیە :

## ناوی گشتی « بیش ناڤ » ، ناوی تایبەتی « ناڤێن بەرناس »

ناوی گشتی : ناوێکە هەموو کەسێك یاگیان لەبەرێك یاگشت چتێکی لەچەشنی ڕەسەنی خۆی بگرێتەوە وەکوو : - مرۆڤ ، پلنگ ، شار ، گوڵ ، ئالا ، ڕووبار

ناوی تایبەتی : ناوێکە بەتایبەتیو بەتاقی تەنهایی مرۆڤێك یاگیان لەبەرێكو یان چتێکی دیاری بکات وەکوو -

ئازاد : ناوی تایبەتی کەسێکی‌یە ، هەولێر : ناوی تایبەتی شارێکی کوردستانی‌یە بلۆ : ناوی تایبەتی سەگێکی ئێمە بوو لەڕەواندزی .

Institut kurde de Paris

## «اسم الجنس» Navên Celeb ڕەسەن

ڕەسەنیش دوو چەشنە : نێرینە ( المذکر ) مێ‌یینە ( المؤنث )

ناوی نێرینە ناوێکە لە ناو چینی مرۆڤ و گیان لەبەران تەنها نێرینان بگرێتەوە وەکوو : ئازاد ، پیاو ، ئەسپ ، بەران ، نێری ، گا ، کەڵ .

ناوی مێ‌یینە ناوێکە کە تەنها مێ‌یینان بگرێتەوە لەناو چینی مرۆڤ و گیان لەبەران و ئیتردا وەکوو : نازدار ، کابان ، مایین ، مانگا ، بزن ، مەڕ ، گامێش .

ئامرازی نێرینە و مێ یینە لە خاکِـي سۆران دا : ـ (١)

لە زۆرترینی هەرێمی سۆران دا بەتایبەتی لە خاکی باکی زادگای ماد ، زەردەشت ، داماو و قاضی محمدی دا لە کاتی دوواندنێ دا بۆ نێرینە پیتی «ە» و بۆ مێ یینە «ێ» بە دووایِ ناوەکانیانەوە دەنووسێ . نموونەی نێرینان :

Kuře wa meke. Mame danîşe. Kake fermû danîşe.

نموونەي مێ‌یینان :

Pûrê key hatî? Kiçê danîşe. Xuşkê bixwuêne.
Xesû le geľ tome w bûkê to guwêt lê bê.

لە ناو هەندێك خۆشناوەتی و هەرێمی ڕەواندزێ دا (ئە) بۆ مێ‌یینان بەکاردەبەن نازدار ئەجووانە ، خوشکت چا بۆتەوە ؟ بەلێ ئەباشە .

لە ڕەواندزێ دا ( ئێ ) یش بۆ مێ یینان بەکار دەبەن وەکوو : ـ
ئەو ژنە ئێ کێیە ؟ ( ئەو ژنە هی کێیە ) ، ئەو خانیە ئێ کێیە ؟
ئەوە دایکێ منە ، خوشکێ تۆیە و بلەکێ ویە .

---

(١) ووشەی دادە ، دێدە و دایە لە گەڵ هەر ووشەیێکی کە بە ( وو ) کۆتایی بێت وەکوو خەسوو لەو دەستوورە بەدەرن و بە ناوێزە (شاذ) دەژمێردرێن .



Institut kurde de Paris

لەڕەوانەزێ ( ئی ) ئامرازی نێرینانە وەکوو ، شێر کۆ ئی کووە ؟
وەڵام : شێر کۆ چلۆنە ؟ . دارا ئی گەنجە ؟ بەڵێ ئی گەنجە .

## نێرینەو مێیینە لەزاراوەی هەورامیدا :-

هەورامی کەلەهەرێمو سنوورە هەزە سەختو دژوارە دەستکردەکانی گەرمێنو کوێستانی کوردستانیدا نیشتەجێن دەستی بێگانانیان کەمتر پێ ڕاگەیشتووە بەو هۆیەوە توانیویانە بەرێکو پێکی بەندبواریێتی زاراوەی خۆیان بەڕەگو ڕیشەی هەرە کۆنی زمانی کوردییەوە باشتر بپارێزن .

ئامرازەکانی مێیینە لەزاراوەی کوردی هەورامیدا ئەمانەن : ( ی ، ما ، ە )

ی : گوڵی ، خوچـی ، بزەکی ؛ ( ی : تەنها لە گەڵ ناوان دەخرێ نـەك لە گەڵ کرداران .

ما : ماهەر ( ماکەر ) ، ماچە ( ئێستری مێ ) .

ە : ژەنێوە ، سەماوەرە ، گاوە دیەم ( ئافرەتە کەم دیت ) .

زاراوەی هەورامیش هەروەکوو زمانی ئارەوی و فرەنسی لەکاتی هەڵگێڕو وەرگێڕ کردنی کردارانەدا نیشانەی نێرینەو مێیینەیان هەیە وەکوو :-
ئازاد ئاما ( ئازاد هات ) ، کوردۆ لووا ( کوردۆ ڕۆیشت ) .
کوردستان ئامێنە ( کوردستان هاتووە ) ، بەریزاد لوویێنە ( بەریزاد ڕۆیشتووە )

نیشانەی نێرینە لەزاراوەی هەورامیدا :-
سابرینەکە سیـاوا ( نێرییەکە ڕەشە ) .
پیـاکە لـووا ( پیاوەکە ڕۆیشت ) .



Institut kurde de Paris

## ئامرازی نێرینه و مێیینه له بادینـــان دا

( Ê ئێ ) ، ( A ا )

له بادینان دا بۆ مێیینان پیتی ( ا A ) وه بۆ نێرینانیش ( ئێ Ê ) به دووای ناوانەوه دەنووسێ له کاتی دانه پاڵ دا :

نموونەی مێیینان : ـ دا کا من ، خیشکا وه ، مەهینا تـه ، ئاڤـا ڕووبارێ ، مریشکا قەڵەو ، دیا من دڵسۆزه ، چێلا ته بشیره .

نموونەی نێرینان: بابێ من ، نانێ هیشك ، گۆشتی سوور ، گوێنێ ڕەش ، ئاپێ ته ( مامت ) ، باقێ وی کاله ( باو کی وی گەنجه ) .

له کاتی ووتوو وێژ یا بانگ کردنێ دا له بادینان بۆ مێیینان ( ێ Ê ) وبۆ نێرینان ( ۆ O ) به دووای ناوانەوه دەنوسێن بۆ نموونه : ـ

نموونەی مێیینان : خوشکێ ، داکێ ، دێدێ

نموونەي نێرینـان : کوڕۆ ، شڤانۆ ، بابۆ

برا کرمانجەکانی میلانی و ئاراراتی جار جاره بۆ مێیینان « کا » و بۆ نێرینان « کێ kê » به دووای ناوانەوه دەنووسێنن : ـ

Ewe dayka teye, ewe jinka kêye? (1) : نموونەی مێیینان

Ewe kuřkê mine, ewe bavkê teye. : نموونەی نێرینان

جار جارەش له باکووری کوردستانێ دا بۆ مێیینان پاشبەندي ( کێ kê ) و بۆ نێرینان ( کۆ ko ) دەخرێته دووای ناوانەوه : (۲)

وێنەی مێیینان دایکێ ، کچه کێ ، خوچه کێ

وێنەی نێرینان : چه کۆ ، حوسکۆ ، سمکۆ

---

۲ـ ئەوانه ( عەزیزۆ ، جانۆ ) به ناوێزه (شاذ) دەژمێردرێن .

۱ـ لەلاي مامۆستا حسن حسێن وایه که ئەو ( ک )ه بۆ گچکه کردن و خۆشەویستی یه

Institut kurde de Paris

Hay lê hay lê lê, Hay lo hay lo lo

کەلاوان ڕوو بکەنە نازداران وەبـەهۆی لاوژەو لاوكو حەیرانانەوە لـە دوورو نزیکەوە بیانەوێننو یابانگیان بکەن لەسەرەتادا بە های لێ های لێ لێ دەست پێ دەکەن .

کەئافرەتانیش بەرامبەری لاوانو دۆستەکانی خۆیان دەست بەلاوژە یـا لاوك وەیان حەیرانەی دەکەن بەهۆی لۆ ، هـۆی لۆ لۆ یا های لۆ های لـۆ لـۆ دەست پێ دەکەن .

---

## Gel گەل — تاك

## Kom - nav — Tak

ناو دوو ژمـارەی هەیە کەبرِیتییـە لـەتاك و گەل .

ناوی تاك ئەوەیە تەنها تاکە کەسێکی یا گیان لەبەرێکی وەیا چتێکی بگرێتـەوە وەکوو : ـ پیاوێ ، ژنێ ، پلنگێ ، خانووێ ( خانووێك ) Piyawê

ناوی گەل : ناوی گەلیش ئەوەیە کەزۆر کەسان یا گیان لەبەران وەیا چتـان بگرێتەوە وەکوو : ـ پیـاوان ، ژنـان ، پلنگـان ، خـانووان

ئامرازی گەل لەزاراوەی سۆراندا تەنها ئەمانەن : ـ ( ان ، یان ، وان )

هەر ناوێکی بەو ئامرازانەی خوارەوە کۆتایی بێت بەپاشگری « یان » کۆ دە کرێتەوە

( A - ا ، Ê - ێ ، Î - ی ، O - ۆ ، Wê - وێ )

خووێ - یان ، هێرۆ - یان ، هەوری - یان ، کرێ - یان ، برا - یان

بەڵان هەر ناوێکی بە ( وو û ) کۆتایی بێت بەپاشکۆی ( وان ) کۆ دە کرێتەوە

وەکوو : ـ بەڕوو - وان Hêşû - wan, Mêjû - wan

ئیتر هەر ناوێکی بەهەر کامێك لەپیتە بێ دەنگەکان کۆتایی بێت بـەپاشگری « ان » کۆ دە کرێتەوە وەکوو : ـ دار - ان ، خوشك - ان ، باخ - ان .



Institut kurde de Paris

هەر ناوێکی تاك کە بە پیتی بزوێنی «ە» کۆتایی بێت لەکاتی کۆ کردنەوەی دا بە (ان) کۆ دە کرێتەوە بەڵام پیتەکەی «ە»ی لێ فڕێ دەدرێ :

| تاك | گەل | تاك | گەل | تاك | گەل |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| پەردە | پەردان | بەستە | بەستان | کۆترەباریکە | کۆترەباریکان |
| بەردە بازە | بەردە بازان | ڕاژە | ڕاژان | ووردە | ووردان |
| جەردە | جەردان | پڕۆژە | پڕۆژان | فرشتە | فرشتان |

ئامرازی گەل لە ئەردەڵان ، لوڕستانێ دا بە فەیلی و لوڕ و بەختیاری و شووان و کەلهوڕەوە ئەمانەن : ( ان ، یان ، ل ، یەل ، گەل )

باو کان ، برایان ، برایەل ، براگەل ، کوڕەل ویی ، برال من ، گایەل وان

ئامرازی گەل لە هەورامانێ دا : ( ا ، ێ ، یا )

ناوی پاڵدراو بە « ا » و هی بکەر و کراو بە « ێ » کۆ دە کرێتەوە :

ا- لووە پەی مروا ( بڕۆ بۆ هەرمێیان ) تام و مروا وەشا ( تامی هەرمێیان خۆشە)

ێ- برێم وەنەنشا : ( برایانم خووێندوویانە ) برایام نەتەرسێ ( برایانم مەترسن )

تاتێ ( باو کان ) . برێ ( برایان ) . تاتەکێ ئامێ ( باو کە کان هاتن ) .

یا - برایا . مامایا ( داپیران ) . نامێ برایام ( ناوی برایانم )

کرداری ڕابردووش بە « ێ » کۆ دە کرێتەوە : -

ئامێ ( هاتن ) . لووێ ( ڕۆیشتن ) . پیاکێ ئامێنێ ( پیاوە کان گشتییان هاتن)

# ئامرازی گەل (نیشانی کۆم ناڤ) لە بادینانددا

| ا | ات | ان | in | یێت | یێد | یێن | یان |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| a | at | an | in | yêt | yêd | yên | yan |

Institut kurde de Paris

ا : سووارا تالانێ مه بر ( سوواران تالانێ ئێمه‌یان برد )
ات : دێهات ، میوه‌جات
ان : گه‌لی مرۆڤان ، باڤان ، دۆتان ، ئاپان ( گه‌لێ جاریتی «ن»یان لێ فرێده‌دری
in : مرۆڤ هاتن ، مه مهـ کوژتن
بێت برایێت مه
بێد : ئاپێد وان ( مامه‌کانی وان )
یێن : باڤێن وه ( باوکانی ئێوه )
یان : پیریان ، بابان ، سه‌یان ، مرۆیان
ناو یا راناو که بگه‌نه کردار مرازی گه‌ل ده‌خرێته دووای کرداره که‌وه وه‌کوو: مرۆڤ هـاتن ، ئه‌و هاتن

---

## ناوی شووین جێ ناڤ اسم المكان

مرازێکه شووێنی ناوان نیشـان ده‌دا له‌ هه‌موو بارێکی دا :
ستان ، گه ، دان ، خانه . وه‌کوو : کوردستان ، کارگه ، خووێندان ، چاپخانه

---

## ناوی کات ده‌مناڤ اسم زمان

ده‌م ، کات ، چاخ ، سال ، رۆژ ، شه‌و ، گاڤ ، که‌مێك ، که‌زمبرێك
ئه‌مرۆ ، دووێنێ ( دوه ) ، پێرێ ، ئه‌مسال ، پێرار ، پتر ، ڤێگا
ئێستـا ( نوو که ) نهـا ، نهۆ ، هێشتا ، هه‌فته ، شه‌مه ، یه کشه‌مه .. هتد

---

بۆ جیاوازی ناوه کانی نێرینه و مێینه له زمانی کوردی دا بروانه لاپه‌ره 136



Institut kurde de Paris

# ناوی بێگانان
# لەزمانی کوردیدا چ کارەساتێکی بەسەر دێت ؟!

هەرچەندە نەتەوەی کورد لەلایەن ئازایەتیو نەبەزییەوە گۆی پێشکەوتن و سەرکەوتنی لەهەموو نەتەوەیێکی سەرزەوی بردۆتەوە ، لەلایەن ووشیاریو زیرەکی وتێگەیشتنو لێهاتوویی و سەلیقەشەوە لەهیچ نەتەوەیێکی زیندووی سەرزەوی کەمتر نیە ، بەڵگەش ئەوەیە کەهەموو جوورە زمانێکی بێگانان لەماوەیێکی زۆر کەمدا بەبێ ماندوو بوونو شەکەتی زۆر بەباشی فێر دەبێ وەلەباری داهەیە کەشێوەی هەموو چەشنە زاراوەیێکی بێگانان بەچەشنێکی وا وەکوو وان کرك ( تلفظ ) بێ بکات کەکەمو زۆر هەست بەجیاوازی نەکرێت کەچی سەررای ئەو هەموو سەلیقەو لێ- هاتوویی و لەبارییەشی کەناوی بێگانان بەهەر ناوو شێوەیێکەوە بکەوێتە کوردستا- نەوە کارەساتێکی وای بەسەر دێننو کڵاوێکی کوردەوارێتی وای لەسەر دەکەن کەخاوەندەکەی خۆشی نەیناسێتەوە ؛ ئەوا بۆ نموونە هەندێکیان لەخوارەوە تۆمار دەکەین : -

| | سۆرانی | بادینی |
|---|---|---|
| ابراهیم | بلە | بلۆ |
| احمد | ئەحە | ئەحمێ ، ئەحمۆ |
| اسماعیل | سمە ، عیلە ( هەورامی ) | سمکۆ |
| حسن | حەسە ، حەسەکە ، حسە | حەسکۆ |
| بابکر | بەکر ، بەکرۆك | بەکۆ |
| حسین | ووسێن ، حوسە | حەسۆ |



Institut kurde de Paris

| | سۆرانی | بادینی |
|---|---|---|
| خضر | خدە ، خلە | خدۆ |
| رجب | رەجۆ | رەجۆ |
| رحمن | خەمە | رەحۆ ، رەحمانۆك |
| رشید | رەشە ، رەشۆ | رەشۆ |
| سعید | سەعە | سەعۆ |
| سلیمان | سڵەمان ، سڵە | سلۆ |
| شریف | شەرۆ | شەرۆ |
| شمس الدین | شەمسە ، شەمۆ ، شەمسۆ | شێمۆ |
| صالح | ساڵە ، تالێ | ساڵۆ |
| عبدالله | حەبە ، عەبە ، عەبۆ ، حەولا ، عەبدە | عەبۆ |
| عثمان | وەسمان ، عەسە ، وەسە ، عوسە | عوسکۆ |
| علی | حەلی | حەلۆ ، عەلۆ |
| عیسی | حیسا ، حیسە | عیسکە ، عیسۆ |
| عبیدالله | حەبە ، عوبە | عەبدۆ |
| قادر | قالە ، قەدۆ | قادۆ |
| قرنی | قەرە ، قەرۆ | قەرۆ |
| محمد | حەمە | حەمۆ |
| محمدامین | مینە ، حەمەمین | مینۆ |
| میکائیل | میکە ، مکە | مکۆ ، میکۆ |

Institut kurde de Paris

## ئامرازی ناسیاری ، ئالاڤێ دان زانین «أداة المعرفة»

لەزاراوەی کوردی سۆرانیدا ئامرازی ناسیاری تەنها بڕگەی ( کە )یە .
هەرناوێکی پاشبەندی ( کە )ی ڕەگەڵ خرێ ئەگەر دواپیتی ( ا ، و ، ە ، یی ، ێ )بێ بڕگەیەکی وەکوو « یە » دەخرێتە دوواوە وەکوو : چرایەکە ، کابرایەکە ، هێرۆیەکە ، شێرۆیەکە ، پەردەیەکە ، جەردەیەکە ، کڕییەکە ، دێیەکە .
هەرچەندە جارجارە لەهەندێك شووێناندا بۆ کورتیو سانایی « یە » کەی لێ فڕێ دەدەن وەکوو ( چراکە ، کابراکە ) ، ئەویش بەپێی دەستووری ڕێزمان هەڵەیە .
هەرناوێکیش بەیەکێك لەپیتە بێ دەنگەکان کۆتایی بێت تەنها پیتێکی «ە»ی دەخرێتە دوواوە چونکوو کرك کردنی دوو پیتی بێ دەنگ لەپاڵ یەکتریدا لەهەموو شووێنێکی ناڵووێ وەکوو : هەورازەکە ، بەرداشەکە ، کووێستانەکە .

## ئامرازی ناسیاری لەزاراوەی بادیناندا

لەزاراوەی بادیناندا ئامرازی ناسیاری ئەمانەن : ( ك ، کێ ، ئەو ، وێ ، ویی ، وان :
ك : بۆ نێرانە وەکوو میرێك چکر ؟ ( پیاوەکە چی کرد ؟ ) .
کێ : بۆ مێیانە وەکوو : تەدزانی ژنکێ چگوت ؟ ( دەزانی ژنەکە چی گوت ؟ )
ئەو : بۆ نێرو مێیانە وەکوو : تەئەو مێر دیت ؟ تە ئەو ژن دیت ؟
وێ : بۆ مێیانە : وێ ژنێ چگوت ؟ ( ژنەکە چی گوت ؟ )
ویی : بۆ نێرینەیە : ویی مێری چگۆت ؟ ( پیاوەکە چی گوت ؟ ) .
وان : بۆ گەلی هەردووك ڕەسەنانە . وان مێرا چگۆت ؟ ( پیاوەکان چیان گوت ؟ )
وان ژنا چگۆت ؟ ( ژنەکان چیان گۆت ؟ ) .

---

لەزاراوەی فەیلییانیشدا ئامرازی ناسیاری هەر ( کە )یە وەکوو :
مەردەکە دیم ( پیاوەکەم دیت ) .

## ئامرازی ناسیاری لە هەورامی دا :

کە بۆ نێرینانە : کابرا کە ، پیا کەم دیی ( پیاوە کەم دیی ) ، کابرا کە
کێ بۆ مێیینانە : ژنە کێم دیە (ژنە کەم دیتوە)، ژنە کێ چێشش‌وات؟ ژنە کەچی کوت

---

ئامرازی نەناسیاری بەرناڤێ نەناس ڕەووشا نەپەندی ( الضمائر المبهمة )
برێ ، پێچێ ، تەنها ، تۆزێ ، تێکرا ، چۆرێ ، زۆر ، زۆر کەس ، زۆرفرە ، فیسار ، فرە ، کەس ، کابرا ، کەسێك ، گشت ، گشت کەس ، گەلێك کەس ، نەختێ ، هەر ، هەرچی ، هەر کەس ؛ هەرامە ، هیچ ، هیچ کەس ، هین ، هیچ کامێك ، هەموو ؛ هەندێك ؛ ی ؛ یەك ، یێك .

---

## ئامرازی نەناسیاری لەزاراوەی بادیناندا : ( ك )

ک : مرۆڤەك هاتە مالا مە . ژنەك هات مالا مە .

---

## ئامرازی نەناسیاری لەزاراوەی هەورامی دا :

یی ێ وەکوو : پیێڤم دیی ( پیاوێکم دیی ) ؛ ژەنێوم دیە ، بزێوم دیە .

### ئاوەڵناوی نادیار Ṙewuşa nependî ( النعوت المبهمة )

ئاوەڵناوی نادیار بۆ ئەوەیە کە واتایەکی نادیارو ئاڵۆز بەشێوەیێکی بێ‌سنورو نارِێك بۆناوان نیشان بدات. ئەوا بۆ نموونە لەخوارەوە هێندێکیان نیشان دەدەین ی . یێک . هەر . هێندێك . کەس . کەسێك . کەسێو . گەلێك کەس . کەمێك زۆر ، هیچ کەس ، نەختێو ، کەمە ، هیچ کامێك ، هەرچێکی ، هەرئەو ، هەمان ، نەختێك ، برێك ، پێچێك ، فرە ، زۆرفرە ، هیچ ، گشت کەس ، هەموو ، فیسار ، هەرامە ، کابرا ، کمێك ؛ هین ؛ هێندێك گەنم ، ڕۆژاخۆش ؛ شەڤاتاری ؛ پیێڤم دی پیاوێکم دی ، تشتەك ؛ یێو ؛ یێوە : لەهەورامی دا بۆ نێرو مێیانن : کورێو . پیێو ژەنێوە ؛ کناچێوە



Institut kurde de Paris

# جیاوازی ناوەکانی نـێرینەو مێیینە لەزمانی کوردیدا :-

پ : جیاوازی چیە لەنێوان ناوی نێرینەو مێیینەکانی زمانی کوردیدا ؟
و : دیارە کەپیتی « ة » لەزمانی ئارەویدا نیشانەی مێیینانە :-

| نێرینە | مێیینە | نێرینە | مێیینە |
| --- | --- | --- | --- |
| حسیب | حسیبة | نجیب | نجیبة |
| قدری | قدریة | فوزی | فوزیة |
| وەبی | وهبیة | ذکی | ذ َكية |

هەرچەندە ئێمە لەزمانی کوردیدا نیشانەی وامان نیە بەڵام شێوەی لەوە ئاشکرا ترو دیارترمان هەیە کەئەویش ئەمەیە :-

نەتەوەی کورد لە کۆنترین ڕۆژگاردوە بەپێی سەلیقەو هەوەسی ووردو ناسك بینی خۆی ناوی گیان لەبەرو چتی ئازاو پڕ سام و دڕو سەختو بەزەبرو هێزدارو پتەوو نەبەزو بەرزی بۆ نێرینان هەڵبژاردووە وەکوو :- پڵنگ ، شێرزاد ، زۆراب پاڵەوان ، شاهۆ ، هەندرێن ، نەبەز .

بەڵام هەر ناوێکی کەخۆشو بۆنخۆشو شـیرینو ناسكو شۆخو تامدارو جووانو دڵگرو شۆخو شەنگو ڕەنگین بێ بۆ ئافرەتانیان پەسند کردووە وەکوو .- جووان ، ناسك ، گوڵێ ، خونچە ، شۆخێ ، دڵارام ، گوڵندام ، گوڵزار گوڵبەدەن ، شلێر ، سووێسنە ، سەروو ، سروە .

Institut kurde de Paris

# کردار ، پیشك «فعل

کردار ووشەیێکە ڕاقـە ( شرح )ی کارێکی دەکات کەلەسەردەمی ڕابردوو دا ڕووی دابێ و یائێستا وەیان لەمەدووا بکرێت .

کرداری ڕابردوو پێنج جوورن : -

١ - ڕابردووی نزیك وەکوو : خووواردم ، کردم ، بیستم ، نووسیم .
٢ - « گێڕانەوە وەکوو : کردوومە ، بیستووتە ، داپۆشیوە .
٣ - « دوور « : کردبووم ، بیستبووت ، داپۆشیبوو .
٤ - « ناتەواو ئەو کردارەیە دەستی پێ کرابێ و هێشتـا کۆتایی نەهـاتبێ وەکوو دەمنووسی ، دەتخوارد ، دایدەپۆشی .
٥ - ڕابردووی ئاوات ، یامەرج وەکوو : بمنووسیبایە ، بتکردایە ، بهاتبایە .

---

# کرداری ڕانەبردوو Nihok «حال»

کرداری ڕانەبردوو کردەوەیە کە لەکاتی ئاخۆتن یا لێدووانێدا ڕووبدات وەکوو :
دەخووێنم ، دەنووسی ، ئێستا بێ دەلێ
دخووینـم ، دنڤیسـی ، نهۆ دبێژتە وی ( بادینی )
وانوو ، مووانوو ، نووسی ، ئیسە ماچۆش پەنە ( هەورامی )

---

# کرداری دادێ Mand «مستقبل»

زستانان شەوگار درێژ دەبێ ، ئیتر ئاوارەیی بەسە هەر دەچەوە نیشتمان .
ئامرازی ماند «مستقبل» لەبادینیدا ( دێ ، ئێ ، بێ ) وەکوو :
ئەز دێچم ، تو ئێچی ، ئەو بێچی .
نیشانەی دووا ڕۆژ لەهەورامیدا ( وو ، یی ، ۆ ، می ، دێ ، ا ) :
ملوو ، ملی ، ملۆ ، ملمی ، ملدێ ، ملا



Institut kurde de Paris

## کرداری سادەو لیکدراو

کرداری سادە بریێتی‌یە لەتاکە ووشەیێکی وەکوو : چوون ، رۆیشتن ، هاتن .

کرداری لێکدراو لەدوو یالەچەند ووشەیێك رێك دەکەوێ وەکوو : سەر کەوتن ، بەسەر چاوان .

## کرداری دیارو نادیار

کرداری دیار ئەوەیە کەبکەرەکەی دیار بێ وەکوو : ئازاد نامەی نووسی ، کوردۆ دەخووێنی .

کرداری نادیار ئەوەیە کەبکەرەکەی دیار نەبێ وەکوو : کەنگرەکە کولاوە .

---

## کرداری تێپەرو تێنەپەر Pîşkên saltgir û derhingêv

کرداری تێنەپەر کردەوەیە کە لەبکەرەوە بۆ یەکێکی تر تێنەپەری وەکوو : ئازاد پێدەکەنێ .

کرداری تێپەر ئەوەیە کە لەبکەرەوە بۆ یەکێکی تر تێپەرێ وەکوو : ئازاد پەرتووکی دەخووێنێ .

---

## چاوگە ، Jêdernav ، Makder «المصدر»

چاوگە : سەرچاوەو کانگای هەموو کردارێکی‌یە ئامرازە کانیشی ئەوانەی خوارەوەن

ان : رووخان ، برژان ، بادان ، سووتان ، سووران ، هەڵوەران ، دانان

اندن : رووخاندن ، برژاندن ، دراندن ، هەڵوەراندن ، هەڵگیرساندن

تن «ن» : کەوتن ، رستن ، کرۆژتن ، گرتن ، خووازتن ، پارازتن

ن ( باد. ) : کرن ، برن ، خووارن ، ڤەشارن ، هەنارن ، ووژارن

وون «ن» : دەرچوون ، پربوون ، تێداچوون ، رۆچوون

ین «ن» : کرین ، برین ، درین ، کوشین ، پشکنین ، رنین

نەوە : کردنەوە ، بردنەوە ، گرتنەوە ، پالدانەوە ، ( بۆدوو پاتە کردنەوەشە )

ی ( هەورامی ) : کەردەی ، واردەی ، بردەی ، هۆر گرتەی ، مژیای ، گرەوای

---

هەرچاوگەیێکی ئامرازی چاوگەی لێ فرێ درێت کەوە کوو ( ین ) لەچاوگەی پشکنیندا فرێ درێ دەمێنێتەوە پشکنو ماکی چاوگەی پێ دەڵێن .



Institut kurde de Paris

# بکەر ، کرو کناف ، Pîşkar پیشکار «اسم الفاعل»

بکەر لکێکە لەچاوگەی فەرمان جووێ دەبێتەوە ، لەباری تێپەڕیو تێ نەپەڕی وسادەیی‌و لێکدراوی‌دا ڕەنێو دێت‌و مرازە کانیشی ئەمانەی خوارەوەن : ـ

ان : زانا ، دانا ، توانا

ـ : بکەر ، بڕێژ

بە : بەکێش ، بەگەڕ ، بەبڕوا

دار : فەرماندار ، کاردار ، پارەدار

دە : بەخشندە ، ڕێژندە

ڕێژ : ئاوڕێژ ، بڕێژ ، داڕێژ

ڤان : ئاشڤان ، گاڤان

کەر : شەرمکەر ، کارکەر

گەر : زێڕینگەر ، ئاسنگەر ، کارگەر

مەند : هونەرمەند ، کارمەند ، دڵمەند

نۆك : ترسەنۆك ، گرینۆك

وەر : هونەروەر ، پیشەوەر

ۆکە : فڕۆکە

ی : نوستی ، زیندی ، کەفتی

یدە : گەڕیدە ، تەریدە

ەر : نووسەر ، دانەر ، بێژەر

بەر : فەرمانبەر ، دڵبەر

بڕ : دەست بڕ ، قۆڵ بڕ ، پشوو بڕ

دەر : هەوڵدەر ، بەردەر ، لادەر

ساز : پیشە ساز ، دەرمانساز

کار : کرێکار ، داگیرکار ، تاوانکار

گار : پارێزگار ، کردگار

گر : هەڵگر : ڕاگر ، خۆگر

ندە : بڕندە ، دڕندە ، بەخشندە

وار : خووێندەوار ، بەندەواز

ۆك : گەڕۆك ، ڕەڤۆك : خشۆك

وو : زیندوو ، نوستوو

یار : بەختیار ، هۆشیار

ێن : ڕزێن ، تەقێن

هەر چاوگەیێکی بمانەوێ بیکەینە «بکەر» ئامرازی چاوگەی لێ فڕێ دەدەین هەندێکیان هەر بەلابردنی ئامرازی چاوگە دەبێتە بکەر وەکوو : داگر ، ڕاگر هەندێکیشیان لەشووێنی ئامرازی چاوگە کە «ەر» دانرێ دەبێتە بکەر ؛ دانەر هەندێکیشیان کەپێشگری «بـ» بخرێتە سەر ماکەکەی دەبێتە بکەر وەکوو ؛ بنووس ؛ بکڕ ؛ بگر ؛ بکێش ؛ بڕێژ .

جارجارەش هەندێك ماکی چاوگەکە بخرێتە ناو «بـ ... ەر» دەبێتە بکەر وەکوو بکەر ؛ بمەر ؛ بخوەر .

Institut kurde de Paris

## کراو Pîşkber «اسم المفعول»

ناوالناوی کراو : کەسێك ، گیان لەبەرێك یان چتێکی وادەگەیەنێ کە کردەوە وکارەساتێکی بەسەر هاتبێ وەکوو : نامەی نووسراو ، گورگی کوژراو .

---

## کرداری داخوازی «أمـر»

کرداری داخوازی : کردارێکە داوای کردنی کارێکی تێدایە بۆ کەسی دووەم و سێیەم لەباری تاکی و گەلیدا وەکوو : دانیشە ، دانیشن ، بنووسێ (بابنووسێ) بنوسن

کرداری داخوازی لەشێوەی ڕاسپاردنیدا بۆ کەسی سێیەمیش بەکار دەبرێت لـە باری تاکی و گەلیدا وەکوو : با بڕوا ، با بنووسن ، با بخووێنین ، با بچی ، با بچین .

گەلێك جار پیتی «بـ» لەو جوورە شووێنانەی خوارەوەدا فڕێ دەدرێت وەکوو : دابنیشە ( دانیشە ) ، دابگیرسێنە ( داگیرسێنە ) ، دابدڕە ( دادڕە ) ، دابگرە (داگرە)

ئامرازەکانی داخووازی ئەمانەن : ( بـ ، ۆ ، وو ، ە ، ا ، ێ ، ن ) .

بۆ کەسی دووەمی تاکی ئامادە ئەمانە بەکار دەبرێن ( و ، وو ، ە ، ێ ) وەکوو بڕۆ ، بنوو ، دانیشە ، بکرە ، بدووێ ، بشێوێ ، بخێوێ .

ـ ن : بۆ کەسی دووەمی گەل و ئامادەیە وەکوو : ـ بنوون ، بڕۆن ، بخۆن .

ـ ا ێ : بۆ کەسێکی تاك و نەدیوە وەکوو : بڕوا ، بخوا ، بچێ ، بنووێ ، بابنووێ .

بـ ن : بۆ کەسی گەل و نەدیوە وەکوو : بڕۆن ، بچن ، بخۆن ، بنووسن .

هەر چاوگەیەکی کۆتایی بە «ان» بێ بۆ داخوازی لەشووێنی «ان»ێ دادەنرێ ویپتی «بـ» کەلەنێوانی پێشگرو ماكدا دابنرێ یانا ناخوێندرێتەوە وەکوو : ـ دامرکان ( دامرکێ ، دابمرکێ ) .

هەرچاوگەیێکی سادە کۆتایی بە «تن» یا «ین» بێ ماکەکەی دەخرێتە نێوانی ( بـ . . . ە ) : کەوتن ( بکەوە ) ، مژتن ( بمژە ) ، کڕین ( بکڕە ) ، بڕین ( ببڕە )

بەڵان چاوگەی لێکدراو کەبە «تن» کۆتایی بێ پیتی «ە» لـەشووێنی دادەنرێ بۆ تاك پیتی «بـ» لەنێوانی دوو پارچەکان دانرێ یانا گرنگ نیە وەکوو : ـ هەڵگرتن ( هەڵگرە ، هەڵبگرە ) ، دانیشتن ( دانیشە ، دابنیشە ) .



Institut kurde de Paris

کە : دادەنرێ بۆ ماکی چاوگەیێکی کەبە ( کردن ) کۆتایی بێت وەکوو : تێکە ، ڕۆکە ، پێکە .

بـ : بۆ داخوازی بەپێش هێندێك کرداری سادەوە دەنووسێ وەکوو : بخۆ ، بنوو .

بـ ... وە : بۆ تاكو گەل ماکی چاوگەی لەناو دادەنرێ هەر چەندە داخوازییە بەڵان دووپاتەکردنەوەشی تێدایە وەکوو : بڕۆنەوە ، بخۆنەوە ، ببەنەوە

دە : بەدوای ماکێکییەوە دەنووسێ بۆ داخوازی کەبە « دان » کۆتایی بێت وەکوو : پێشاندان ( پێشاندە ) ، بەردە . ( بـ ...ێنە ) ماکی چاوگەیێکی تێپەڕ دەخرێتە نێوانیانەوە بۆ داخوازی کەئامرازی چاوگەیی « ندن » بێ وەکوو : ڕووخاندن ( بڕووخێنە ) ، هەڵوەراندن ( هەڵوەرێنە ) .

بـ ... ە . ماکی چاوگەیێکی سادە بە « ن » کۆتایی بێ بۆ داخوازی دەخرێتە نێوانی « بـ ... ە » : کرن ( بکە ) ، ڤەشارن ( ڤەبشارە ) .

بەڵان ماکی چاوگەی لێکدراو تەنها « ە »ی بەسە وەکوو : ڤەشارتن ( ڤەشێرە ) ئەو چاوگە تێپەڕانەی کەپێشگریان یەکێك لەوانە بێ ( هەڵ ، دا ، تێ ، دەر ، دەست ، پێ ) تەنها پیتی « ە » لەشوێنی ئامرازی چاوگەکانیان دادەنرێ وەکوو :

| | | |
|---|---|---|
| هەڵ : | هەڵگرتن ( هەڵگرە ) | هەڵبڕین ( هەڵبڕە ) |
| دا : | داگرتن ( داگرە ) | دادڕین ( دادڕە ) |
| تێ : | تێکەوتن ( تێکەوە ) | تێبەڕین ( تێبەڕە ) |
| دەر : | دەر کردن ( دەر کە ) | دەرمانکردن ( دەرمانکە ) |
| دەست : | دەست تێدان ( دەست تێدە ) | دەست پێ کردن ( دەست پێ کە ) |
| پێ : | پێوە دان ( پێوەدە ) | پێوە نووساندن ( پێوە نووسێنە ) |

## ڕاناوی کەسی Bernav الضمیر

ڕاناو مرازێکە شوێنی ناو دەگرێتو لەجیاتی وی بەکار دەبرێت ، سا ناوەکە لەمەڕ کەسی یەکەم یا دووەم وەیان سێیەم بێ لەباری تاكو گەل لەسۆرانیدا : -

ئەمن ( من ) ، ئەتۆ ( تۆ ) ، ئێوە ( ئەنگۆ ) ، ئەو ( ئەوان ) .

Institut kurde de Paris

## ڕاناوی کەسی جیا لە زاراوەی بادینی دا :-

ئەز ئەم ( تۆ ) هوون ئەو ، ئەوێ ( مێ ) ئەو

ڕاناوی جیا لە زاراوەی هەورامی دا :-

( من ، ئێمە ) ، ( تو ، شمە ) ( ئاز ، ئازە بۆ مێ‌یانە ) آذێ

---

### ڕاناوە لکاوەکان

| سۆرانی | بادینی | هەورامی | فەیلی |
| --- | --- | --- | --- |
| م | min | م | مە |
| مان | me | ما | مەن |
| ت | te | ت | ت |
| تان | we | تا | تە |
| ی | wî wê بۆ تاکێکی نێرومێی نەدیوە | ش | |
| یان | wan, ewan | شا | ن |

---

### ئاوەڵنـاو ، پەسن ، Rewş ( الصفة )

ئاوەڵناو ووشەیێکە چۆنێتی ناوو ڕاناو لەبارەی ژمارە و پەسند کران و نەکرا-نی‌یەوە ڕوونکاتەوە وە لەلایەن تاکی و گەلیشدا لەگەڵیان ڕێك دەکەوێ. ڕێگا-یەکی ئاسان هەیە بۆ ناسینەوەی ئاوەڵناو: - هەر ووشەیێکی کە بتوانرێت ( چت یا کەس ) ی لەپێش دابنرێ ئاوەڵناوە وەکوو : Çitêḵî pesinde. Kesêḵî zîreke ئاوەڵناو گەلێك جار دەکەوێتە پێش ناوانەوە وەکو ; گولبەهـار . بەلاَن کە بکەوێتە دوواوە پیتی ( ی ) یان دەخرێتە نێوانەوە : مرۆی ئازا ، پیاوی دڵنەرم .

### ئاوەڵناوي سادە و لێکدراو

ئاوەڵناوی سادە لە تاکە ووشەیێکی ڕێك دەکەوێ : ناسك ، جووان

ئاوەڵناوی لێکدراو لەدوو یا لەچەند ووشان ڕێکدەکەوێ : خۆشبەخت، ڕەنجبەر



Institut kurde de Paris

## ئاوالناو پێنج لکی لێ دەبێتەوە :-

١ - ئاوالناوی ڕاگەیاندن ( النعوت الوصفية ) لەلایەن چاکی و خراپی یەوە .

٢ - ئاوالناوی ژمارەیی .

٣ - ئاوالناوە لەمەڕەکان ( النعوت التمليكية ) .

٤ - ئاوالناوی ڕبك ( اشارة ) .　　　٥ - ئاوالناوی نادیار .

## ئاوالناوی ڕاگەیاندنیش سێ جوورە :-

١- باری ناو یا ڕاناو بە باشی و ڕاستی دەردەخات : دارا زیرەکە ، بەرد ڕەقە .

٢- باری کەم و کورتی ناوو ڕاناو نیشان دەدات : جەمشید دزێوە ، گوێزەکە پووچە

٣- باری باشی و خراپی ناوو ڕاناوان لە سێ پلاندا نیشان دەدات :-

قاضی محمد زانا بووە .　　داماو زاناتر بووە .　　زەرەدەشت زاناترین بووە.

هەژاری ناخۆشە .　　لێ قەومان ناخۆشترە .　　دیلی ناخۆشترینە .

---

ئاوالناوی ژمارەیی دوو پلەی هەیە ژمارەش و پایەش نیشان دەدات وەکوو :-

یەك ، دوو ، دە ، سیی ، سەد .　　یەکەم ، دووەمین ، بیستەمین .. هتد

---

## ئاوالناوە لەمەڕەکان Rewşên arzî النعوت التمليكية

ئامرازی لەمەڕ هەر ووشەیێکی بەناو یا بە ڕاناوەوە بنووسێنی بۆ ئەوەیە خاوە-
ندەکەی دیاری بکات کە بریتین لەمانە : ( ئی ئێ ی هی هینەکان یێ یێت یێد یێن )

ئی ، هی : لە باری تاکی دا بەکار دەبرێن : هی من ، ئی تۆ . بەڵان ( ی ) لە باری
تاکوگەل دا　برای من ، برایانی من .

هینەکان : لە باری گەل دا بەکار دەبرێن وەکوو : هینەکانی من .

یێ ، یا : لە زاراوەی بادینانادا (یێ) بۆ نێرینان و یا بۆ نێرینەو مێینان بەکاردەبرێت
یێت ، یێد ، یێن : برایێت من ، خیشکێت تۆ ، ئاپێن وی .

هینۆ ، هینوو لە زاراوەی هەورامی هینۆ منا ( هینی منە ) کە شتەکە نێربێ
هینوو منەنە ( هی منە ) کە شتەکە مێ بێ

ئی ، ئێ : لە هەرێمی ڕەواندزێ و یی بۆ نێرینانە وەکوو : ئەو پێنووسە ئی ئازادیە
و ئێ ش بۆ مێ بینانە وەکوو : ئەو سەیوانە ئێ نازداری یە .



Institut kurde de Paris

## ئاوالناوی ڕیك ، ڕەوشین نیشاندان « الصفة الارشادیة »

ئاوالناوی ڕیك : مـرازێـکە کەس ، گیان لەبەر یا چتی لەباری تـاك و گەلدا لەنزیكو دورەوە پێ نیشان دەدرێت ، هەروە کوو دەستی بۆ ڕایەڵ بکرێتو بڕێتین لەمانە : ( Vî , Vê بۆ تاکێکی ئامادەی نێرو مێیە ، ئەم ، ئەڤ ، ئەو ، ئەمە ، ئەوە ئەمانە ، ئەوانە ، ئەمەیە ، ئەوەیە ، ئەمەتانی ، ئەوەتانێ ، هۆوە ، هۆوەتا ، هۆوە-تانی ، هۆوانە ، لەم ، لەمە ، لەو ، لەوە ، لەمـانە ، لەوانە ، بەم ، بەمە ، بەو ، بەوە بەوانە ، بەمانە ، ئەڤ ، ڤی ، ڤێ ، ڤان ، ڤانە ، ئەڤڤە ، ئەڤڤەیە ، ئەڤە ، ژڤی ، ژڤێ ژوان ، بڤی ، بڤێ . ئەو مەبەسە بەدرێژتری لەلاپەڕە « ١٥٠ » دایە .

بۆ ئاوالناوی نادیار Řewuşa nependî بڕوانە ل. -135- .

## ئامرازی وەلام Bersiv « جواب »

ئا ، ئائا ، ئارێ ، ئارێئارێ ، ئە ، ئەئە ، ئێ ، ئێئێ ، ئەدی ، بەدی ، بەڵێ ، بەڵێبەڵێ ها ، هاها ، هەرێ ، هەرێ هەرێ ، ئەرێ ، ئەرێ ئەرێ .

## ئامرازی نارێ Nebûn « أداة النفی »

ئامرازی نارێ بۆ بەکخستنو دڵۆ تێخستنو نەهێشتن دەخرێتە پێش کردارانەوە ئەمانەن ـ مە ، نا ، ناء ، ناو ، نە ، نەء ، نەخێر ، نەو ، نۆ .

مە : مەچۆ ، مەچۆن ، مەڵێ ، مەڵێن ، بۆ کەسی تاكو یەکەمە .

نا : بۆ کەسی یەکەمو دووەمو سێیـەم لەباری تاكو گەلدا بۆ چـەند مەبەسان بەکار دەبرێت : ـ

١ ـ بۆ ئاگاداری وها ( انذار ) وەکوو : ـ

ناچم ، ناچێن ، ناچی ، ناچن ، ناچێ .

٢ ـ بۆپرسیارە بۆ ئەو مەبەسە پێویستە ئامرازی پرسیاری لەپێشەوە یان دەنگەکەی بگەیەنرێتە ڕێزی دەنگی پرسیاران وەکوو : ـ

ئ ایا ناچم ؟ ئـایا ناچین ؟ ئـایا ناچی ؟ ئـایا ناچن ؟ ئـایا ناچیٚ ؟

ناچم ؟ ناچین ؟ ناچی ؟ ناچن ؟ ناچیٚ ؟

نە : نەکەی، نەکا ، نەکەن . لە کوردستانی باکوورِیش زۆر جار نەی لەجیاتی (مە)ی بەکار دەبەن وەکوو : نەکە ، نەچە ، نەخۆ ، نەچی ، نەچیٚ .

نا : کەبگاتە ناو دەیکاتە ئاوەڵناو وەکوو : ناچار ، ناساخ ، نارِاست .

نەء : تەنهـا لەکانی وەڵام دانەوەدا بـەکار دەبرِێت وەکوو : ئایا ئـەمرِۆ وانەکانت رِەوان بوو ؟ وەڵام : نەء ( واتا نا رِەوانم نەبوو ) .

ناو ، نەو : لەناو خۆشناوو سوورچیو خێڵەساتاندا بەکار دەبرِێن .

نۆ : لە ( ئاشیتا )ن لەجیاتی « نا » بەکار دەبرِێت : شەنگۆ لمالە ؟ نۆ نە لمالە .

---

## ئاوالکردار Nîr «الظرف»

ئاوالکردار ووشەیێکە کات یاشووێنی رِوودانی کرداری تێدا دیار دەکات .

ئاوالکردار دوو جوورە : -

١ - ئاوالکرداری کاتی .

٢ - ئاوالکرداری شووێنی .

ئاوالکرداری کاتی زۆرن ، بۆ نموونە : ئێستا ، دوویێنیٚ ، بەهار ، زستان ، شەو رِۆژ ، مانگ ، هەفتە ، ساڵ ، بەیانی ، ئێوارە .

ئاوالکرداری شووێنیش زۆرن ئەوا بۆ نموونە هێندێکیان نیشان دەدەین : -

ان : کەندەلان ، بەردەلان ، گەرمیان .

باز : رِێباز ، دەربار .

جارِ : گیاجارِ ، نێرگسەجارِ .

چە : باخچە .

دان : قەندان ، شەمدان ، خوویدان ، چەندان ( دەوزی دان ) .

دێن : کادێن ، ناندێن .

Institut kurde de Paris

زار : گوڵزار ، دڵزار ،
ستان : کوردستان ، هیندوستان ، فەرەنگستان .
کون : کونە مشك .
گە : کارگە ، بنگە ، لەشکرگە ، ئاپێرگە ( ئاوورگە ) .
گا : دەستگا ، بارەگا ، کۆگا ، سەیرانگا .
گار : ڕۆژگار .
مێن : گەرمێن .

---

## ئامرازی پرسیار Ȓewşa Pirsiyarî « الصفة الاستفهامية »

ئاخۆ : ئاخۆ پێت دەکرێ ئەمڕۆ سەردانێکی باخی بکەی ؟

ئایا : ئایا دەچیە ڕەواندزێ ؟

ئەدی : ئەدی پەڕتوو کەکەم نادەیەوە ؟

ئەرێ : ئەرێ دەتووانی ئەم هەڵبەستەم بۆ بخووێنیەوە ؟

ئەی : ئەی نەواردت ؟ ( ئەدی نەتخوارد ؟ )

بۆ ، بۆچی : بۆ ناچیە قوتابخانە ؟ بۆچی وا سەخڵەتی ؟

چ ، چت دەوێ ؟ چە تووێت ؟

چەند ، چەند لاپەڕەت نووسیوەتەوە ؟

چما . چما پێم ناکرێ وەکوو تۆش بنووسم ؟

چلۆن ، چلۆنی : ئەو مەبەسەت چلۆن بیستووە ؟ چلۆنی تێ دەگەی ؟

چی : مەبەستت چی یە ؟

چێش : چێش کەری ؟ ( چ دەکەی ؟ ) ، چێش موومەری ؟ ( چ دەخۆی ؟ )

داخووا : داخووا شەوانە باوکت دەچێتە دەرەوە ؟



Institut kurde de Paris

دەبێ : دەبێ کاکە شووان ئێستا لەچاپخانەدا بێ ؟

کام ، کامە : کام برادەرت لا پەسندترە ؟ کامەیان زیرەکترە ؟

کیشك ( کێهـا ) : کیشك دخوازی ؟

کۆ : کووێ ـ کۆ گە ؟

کەی : کەی لەتۆ دەوەشێتەوە قسەی واسووك بکەی ؟

کۆن : کۆن ئازاد ؟ ( کووا ئازاد ؟ )

کوو : کوو مامت نەدی تازە بێرەدا تێپەڕی ؟

کووا : کووا سالاری هاوڕێم ؟

کووێ : مامت لە کووێیە .

کێ : کێیە لەدەرگەی دەدات ؟ کێ وات ؟

کێهـا : کێهـایانت لاباشترە ؟

ما ( چما ) : ما ئێستا ناچییەوە ماڵێ .

نا : نامەکەی ئێستا نانووسی ؟

چۆن : چۆن توانیت ئەو هەورازە سەرکەوی ؟

هیچ : هیچ شەرم ناکەی ؟

هەرێ : هەرێ پێم ناڵێی بۆ هاتی ؟

ئەرۆ : ئەرۆ برا چ ئەووشی ؟ ( لەزاراوەی فەیلیداندا بۆ نێرانە ) .

ئەرێ ئەرێ خوشکێ چ تویێت ؟ ( « « « مێیانە ) .



Institut kurde de Paris

# ئامـرازی گچـکه کاری Navên piçûk kar

ئامرازی گچکه کاری چەند پاشگرێکن بۆ سێ مەبەسان بەدووای ووشانەوە دەنووسێن :

١ - لەبەر گچکەیی‌و نابووتی خۆی . ٢ - لەبەر خۆشەویستی‌و قشتی‌و شیرینی .
٣ - یا سەبارەت بەسووك كردن‌و كەمكردنەوەی نرخ‌و پایە .

چە : باخچە ، قاڵیچە ، بوخچە

چکە : خانووچکە ، ڕێچکە ، مێچکە

کەڵە : سوو کەڵە ، سوور کەڵە ، چوو کەڵە ، خڕ کەڵە

کۆ : خورشید کۆ ، حەسەنکۆ

کە : برا کە ، مامە کە

کۆڵە : هەنارە کۆڵە ، شووتی‌یە کۆڵە

لە : برالە ، کاکەلە ، جۆ گەلە ، مێروولە

ڵە : گۆزەڵە ، دیزەڵە ، پاتکەڵە ، براڵە ، شەمڵە ، سەوە کەڵە

لە کە : چۆلە کە ، بووڵە کە ، جوولە کە

ۆچکە : ماڵۆچکە ، بەربەڕۆچکە

ۆك : ئەحمەدۆك ، سالحۆك ، مستۆك

وولە : مێشوولە ، جاشوولە

وولکە : داسوولکە ، جاشوولکە

ۆلە : کیژۆڵە ، کچۆڵە

ۆکە : باڕۆکە ، کەپرۆکە ، مەنجەڵۆکە

ۆڵکە : تەپۆڵکە ، گردۆڵکە ، شاخۆڵکە

ۆڵی : خانەۆڵێ ، کیژۆڵێ

یلە : کاریلە ، خڕیلە ، نەشمیلە



Institut kurde de Paris

## ئامرازی سەرسوورمان «أداة التعجب»

ئایا : ئایا چیم کردووە وام بەسەرهات !

ئاها : ئاها بەڕاستیتە ؟!

ئای : ئای چەند نەخۆشە ؟ ( ئای چەند نەوەشا ؟! )

ئای‌ئای : ئای ئای چەند سەیرە !

ئۆ : ئۆ کۆتەوە ( ئای کەوت ) ، ئۆ گرەوا ( ئای گریا ) ! «هەورامی»

بەخ : بەخ ئەو کەوایە زۆر جوانە لێت پیرۆز بێ !

بەهبەه : بەهبەه بەخودا جووانە لێتان پیرۆز بێ !؟

پەح ، پەحا : پەحا لە کووێ وایە !!

پەککوو ( پەکوو ) : پەککوو لەو درۆ زەلامە !!

داد : ئەی داد لەدەست گەڕانی ڕۆژگاری چەپگەڕ !

وای . وای چیم بەسەرهات ! وای لەو دەردە سەریەی !!

هاها : هاها چۆن وادەبێ ؟!

هەك : هەك لەمنت کەوێ !

---

## ئامرازی مەرج «أداة الشرط»

ئەر ، ئەگەر ، تاکەی ، کەنگێ ، کەینێ ، مەر ، مەگەر ، کە ، گەر ، هەتا ، هەتاکوو

بۆ وێنە : ( ئەر ) ئەگەر تۆ بچیە باخی منیش دەچم .

( هەتا ) هەتا تۆ واخاوو سست بی لەخووێندن‌و هەموو کاروبارێکی ژیانتدا سەرنا کەوی .

( کەی ) کەنگێ ئارەزوو بفەرموون پەڕتووکە کەتان بۆ دەنێرمەوە .

مەگەر شووان خۆی وەکوو گورگ بێ دەنا مێگەلەکەمان بەخڕی و بەبێ کەم‌و کووڕی دێتەوە .

( کە ) کەحەز لەزانایی‌و بەختەوەرێتی بکەی ڕوو دەکەیتە قوتابخانە .

( هەتا ) هەتا ئەو بایە لەو کونەوە بێ لەو بارە باشتر نابێ .



Institut kurde de Paris

# Řewuşên nîşandan ئاوالناوی ڕبك☆

ئاوالناوی ڕبك ئەوەیە کە کەسێکی یا گیان لەبەرێکی و یان چتێکی لەباری تاك و گەلدا نیشان بدات وە کوو دەستی بۆ ڕایەڵ بکرێ کەبریێتین لەمانە : ـ

| هەورامی | فەیلی | بادینی | سۆرانی |
|---|---|---|---|
| ئینە | یە ، ئی | evî, vî, ev, eve | ئەمە |
| | | evê, ewê, wê, evêhê | ئەمە ( بۆ مێ ) |
| ئانە | ئەو | ewî, wî, ew ewhe | ئەوە |
| | | ewê | ئەوە ( بۆ مێ ) |
| ئینێ | ئەمانە | evan, ( van ), va, vana | ئەمانە |
| ئانێ | ئەوانە | ewan, ( wan ), ev, wanêthe, | ئەوانە |
| | | evêtha, evet | ئەوانە |
| ئوونە | هۆوەیە | ewahe, vahe, ewî | هۆوە |
| ئوونێ | ئەوانە | vanêtha | هۆوانە |
| » | | « | هۆو وانە |
| هائوونە | ئەوەیە | | هۆوەتانێ |
| هائوونێ | ئەوانە | vahan, van | هۆوانەن |
| » | | « « | هۆوەتانێن |
| | ئەوە | | ئەو (بۆنزیکی بزر) |
| ئینی | ئەوانە | vê wê, ew | ئەو(مێیەکی بزر) |
| | | ewan, wa, va, ev | ئەوان ( گەلی بزر) |

☆ ئاوالناوی ڕبك لەلاپەرە « ١٤٤ »یش‌دا بەفراوانتری هەیە .

Institut kurde de Paris

# ئامرازی بانگهێشتن Bang «أداة النداء»

ئامرازی بانگهێشتن بۆ گاز کردنی یەکێکی یاچەند کەسێکی لەدوورو نزیکەوە بەکار دەبرێت .

ئامرازی بانگهێشتن لەزاراوەی سۆراندا بۆ نزیك ئەمانەن : ـ

( ئەرێ ، ئەی ، ە ، هەی ، ێ ، یینە ، ا ) ☆

« ە » : لەزاراوەی سۆرانیو هەورامیشدا بۆ نێرینانەو بەدووای ناوانەوە دەنووسێ وەکوو : سووارە ، لاسە ، کاوە ، کاکە ، خاڵە .

« ێ » : لەزاراوەی سۆرانیو بادینیو هەورامیشدا بۆ مێیینانە بەدووایی ناوانەوە دەنووسێ وەك : گوڵێ ، نازێ ، شۆڕێ ، سێوێ ، ناسکێ ، دایکێ ، خوشکێ جارجارەش بۆ مەبەسی گچکەکاری پیتی ( ک ) دەخرێتە نێوانی هەندێك ناوو پیتی (ێ) یەکەوە .

وەکوو . ژنەکێ ، کچەکێ .

ئامرازی بانگهێشتن بۆ دوور :

هۆ ، هۆی ، هۆهۆ ، هۆهۆی .

یینە : بۆ گەلی نێرینەو مێیینانە لەدوورو نزیکەوە وەکوو : پیاوینە ، ژنینە ، کورینە ، کچینە ، براینە ، خوشکینە .

ئامرازی بانگهێشتن لەبادینان‌دا : ( ۆ O ، ێ Ê ) : ـ

( ۆ ) : بۆ نێرینانە وەکوو : بابۆ ، ئازیزۆ ، کاکۆ ، شێرکۆ ، چەکۆ .

---

☆ پیتی « ا » لەناوی ( خودا ، ئاغا ، برا ) وئیتردا بەدرێژی کرك « تلفظ » دەکرێت .



Institut kurde de Paris

## ئامرازی داخ و پەرۆش ، ئالاڤێ ئاخین و کەسەر أداة الحسرة

ئاه ، ئای ، ئای ئای ، ئۆی ، ئاخ ، ئاخین ، ئەی ، ئەیرۆ ، ئۆف ، ئۆی ، تیا ، حەیف ، داخ ، کەسەر ، موخابین ، واه ، واخ ، وای ، وای وای ، وەی ، ها ، ها ها هەی . .

ئاخ لەدەست ڕۆژگاری چەپگەڕ . ئای خودایە کەی ڕزگارمان دەکەی .
ئەیرۆ بابانت وێران بێ . وەی ماڵت کاول بێ چتکرد !
هەزاران موخابین . حەیف نەیگەیشتمێ .

---

## Pêşbend « پیشبەند » پیشگر

پێشگر یەك یاچەند پارچە بڕ گەییکە دەخرێتە سەرەتای کردارانەوە بۆ ئەوەی گۆڕانێك بەسەر شێوەو واتای کردارەکان بێنێ و بەتاقی تەنیایی واتایەکی سەربەخۆ نابەخشێ بۆ وێنە : هەڵ ، دا ، ڕۆ

هەڵ : هەڵ بەپێش کردارانەوە دەنووسێ و زۆر جاران واتایەکەیان بەرەو بەرزی دەگۆڕێ وەکوو : -

| | |
|---|---|
| بەرەو بەرزی بلند کردنی چتێکی | Heĺgirtin |
| بەرەو بەرزی فڕین | Heĺfiřîn |
| بەرەو سەرەوە قۆڵ هەڵکردن | Qoĺ heĺmaĺîn |

دا : پێشگری « دا » ش بەپێش کردارانەوە دەنووسێ و زۆر جاران واتایەکەیان بەرەو نزمی دەگۆڕێ وەکوو : -

| | |
|---|---|
| هێنانە خوار | Dagirtin |
| چتێك بەرەو خوارێ شۆڕ کردنەوە | Dahêjtin |
| لەسەر زەوی یاکورسی ڕۆنیشتن | Danîştin |

ڕۆ : ئەویش بەپێش کردارانەوە دەنووسێ‌و گەلێك جار واتای کردارە کە بەرەو خوارەوە دەگۆڕێ وەکوو : -

بەرەو خوارەوە هەڵرشتنی چتێکی - - - Ř̈okirdin

دانانی چتێکی لەشووێنێکی نزم دا - - - Ronan

ڕۆچوونی سەربان : داهاتن‌و زگدان بەرەو خوارەوە - Roçûn

ئامرازی پێشگر زۆرن ئەوا لەخووارەوە هەندێکیان دەخەینە پێش چاوانەوە :

بەز ، بەجێ ، پاش ، پەڤ ، پەی ، پێڕا ، پێش ، پێك ، پێلێ ، تەڤ ، تێ ، تێدا ، تێك ، چاولێ ، دا ، دەر ، دووا ، دوور ، ڕا ، ڕووتی ، ڕوولێ ، ڕۆ ، ڕوو ، ژەڤ ، ژێ ، ژێك ، سەرلێ ، ڤێ ڤێك ، لا ، لێك ، لەڤ ، لێ .

## پاشکۆ «پاشگر» ، بەرناڤێ پاشگر «الضمائر اللاحقة»

پاشکۆ بڕگەیێك یا چەند پارچە بڕگەیێکن دەخرێنە دووای کردارو ناوانەوە بۆ ئەوەی گۆڕانێك بەسەر واتایەکەیان دابێت چونکوو زۆرترینیان بەتاقی تەنیایی واتایەکی سەربەخۆیان نیە ، بۆوێنە پاشگری ( وە ، ڤە ) بەتەنهایی واتایەکی نابەخشێ بەڵام کەبەدووای کردارانەوە بنووسێ واتایەکەیان بەرەو دوو پاتە کردنەوە دەگۆڕێ وەکوو : -

نووسینەوە ، دەرکردنەوە ، خووێندنەوە ، هاتنەوە ، چوونەوە ، گرتنەوە .

پاشگری « اندن » کەبەدووای چاوگەی تێنەپەڕەوە بنووسێ دەیکاتە تێپەڕ وەکوو : سووتان ( سووتاندن ) ، شکان ( شکاندن ) ، دامەزران ( دامەزراندن )

پاشگریش لەئەندازە بەدەرن ئەوا بۆ نموونە هەندێکیان لەخوارەوە پیشان دەدەین : -

ا : - زانا ، تووانا ، بینا

ار : - ووتار ، دروار



Institut kurde de Paris

باز : فێڵباز ، قومارباز ، کەوباز

ەر : دانەر ، نووسەر ، ڕابەر

دار : ناودار ، سەردار ، بەشدار ، بێزار

کە : کابرایەکە ، منداڵەکە ، دەرگایەکە

مەنی : خواردەمەنی ، سووتەمەنی ، ویستەمەنی

ن : نووزن : منگن ، کوڵکن

ندە : دڕندە ، بڕندە ، بەرندە

ۆك : گەڕۆك ، بەرۆك ، سەرۆك

وان : دارەوان ، شاخەوان ، باخەوان

یار : جووتیار ، کڕیار ، فرۆشیار

یەتی : هاوسێیەتی ، برایەتی ، کوردایەتی

---

# ئامرازی وێکخستن «أداة العطف»

ئامرازی وێکخستن بۆ ئەوە بەکار دەبرێت کەدوو وشە یادوو ڕستان لەباری واتادا بگەیەنێتەوە یەکتری ، ئەوانیش بڕێتین لەمانە :-

ئاوا ، ئەر ، ئەگەر ، ئەگەرچی ، ئەگەنا ، ئەگینا ، ئو ، بەڵا ، بۆچی ، بەڵێ ، بێجگە ، ئینجا ، ئیتر ، ئیدی ، بەڵام ، بەڵان ، بەشکوو ، بەڵکوو ، بۆ ئەوەی ، پاشان ، بەس ، تا ، چەشن ، چکوو ، چون ، چونکوو ، دەنا ، دەست بەجێ ، دووایە ، ژبەر کوو ، ژبۆ کوو ، ژیی ، سەرڕای ئەوەش ، کاتێکی ، کە ، کەچی ، کەی ، کەنگێ ، کەینێ ، کوو ، کەوا ، لەبەر ، لەبەر ئەوەی ، لە ئەنجامدا ، لەدووای ، لەپاشان ، لەپێشدا ، لەڕووی ئەوەوە ، لە کۆتاییدا ، لەگەڵ ئەوەش ، مینا ، نە ، نە . . . نە ، هەتا ، هەتاکوو ، هەرچەندە ، هەروەك ، هەم ، هەمیشە ، و ، وە ، وەك ، وەکوو ، یان ، یش ، نەکوو ، وەگەرنا ، هەندێ ، یا ، یاخۆ ،



Institut kurde de Paris

یا کوو ، یانە کوو ، یاوە کوو .

تێ بینی : هەندێك لەو ووشانەی سەرەوە لەشووێنانی تریشدا بەناوو ناوبانگی تر بەکار دەبرێن وەکوو « بەڵێ » ئامرازی وەڵامە ، « هەتا ، هەتا کوو » بەئامرازی مەرجیش نیشاندراوون ، هەر ووشەیەی بەپێی شووێن و باری دامەزرانی گۆرانێکی تایبەتی بەسەر واتادا دەگەیەنێ .

( و ) هەرچێکوو « و » یشە لەلاتینی کوردیدا بەو جوورەیە : هەر ووشەیێکی بەپیتی دەنگدار کۆتایی بێ ( W )ی دووا دەخرێت وەکوو : Çira w Lampa
بەڵان کەبەپیتی بێ دەنگ کۆتایی بێ ( Û )ی دەخرێتە دوواوە : Dar û Berd

## ئامرازی پەیوەندی Perbest û Pêwend أداة الوصل

ئامرازی پەیوەندی ئەو ووشانەن کەبەتاکی تەنیا واتایەکی تەواوو سەر بەخۆیان نیە بەڵان لەرِستەدا پەیوەندی نێوانی ووشەکانی تری رِستان دەنووێنی هەر یەکەی بەپێی باری شووێنێکی کەتێیدایە واتایەکی تایبەتی و جیاوازی هەیە : ئەویش ئەوانەن : -

بە ؛ بۆ ؛ بێ ؛ بۆ ئەوەی ؛ تا ؛ تائێستا ؛ تاکوو ؛ تاکی ؛ تێ ؛ چونکوو ؛ کە ؛ لە ؛ لۆ ؛ لێ ؛ وەك ؛ وەکوو ؛ ە ؛ هەتا ؛ هەتاکوو ؛ هەتاوەکوو .

## ئامرازی ویچوواندن ، ئالاڤێ وەکی « أداة التشبيه »

ئامرازی وێچوواندن ئەوانەن کەدوو کەسان یاگیان لەبەرو چتان وێك بچووێنن وەکوو :

ئازاد وەکوو برزۆی زیرەکە ؛ ئامرازەکان : وەك ؛ وەکوو ؛ هەروەکوو ؛ وەی ؛ مینا ؛ فەنا ؛ لای ؛ وەی . لەزۆر شووێناندا بە « وەکوو »ی بەکار دەبەن .

ئەز مینا تەمە ( من وەکوو تۆم ) ؛ شێرۆ مینا شێرەکی یە ؛ بارام فەنا پلنگەکی یە ؛ بارام لای فیلەکی یە .



Institut kurde de Paris

## ئامرازی دانەپاڵ «أدوات الاضافة»

ئامرازی دانەپاڵ ئەمانەن : «A, DE, Ê, I, Î, Y»

( بۆ مێیینان ) A - Xencera zîv, Xîşka te

( بۆ نێرینان ) Ê - Zînê hesp, Bazinê zêř

(مەنگوڕ )☼ DE - Denkî de henarê, Nanî de tendûrê

I - Keyfi xote, We bani çaw.

Î - Şîrî meřî řezî baẍî

Y - Bay payîzê

کەدووا پیتی پاڵدەر دەنگدار بێ پیتی ( Y )ی بۆ دادەنرێ .

---

☼ هۆزی مەنگوڕ زۆر ترینیان لەنزیك شاری مەهابادێن‌و زاراوەیەکی تایبەتیان هەیەو بۆ پاریزگاری شێوەی کۆنی خۆیان زۆر بەدەمارن .

---

## خاڵ‌و نیشانەکانی

. - خاڵ ، نوختە ، نتك ، نچك ، هووتك

: - جووتخاڵ ، جووتەخاڵ ، جووت نوختە

.. - تەقەڵ

، - دابڕ ، بۆر ، ئامرازی دابڕ

، و - جووت بۆر

„ “ - چووار بۆر ، چا بۆر

( ) - کەوانەی ساخ

« » - جووت کەوانە

؛ - بۆرو خاڵ ، خابۆر ، خاڵبۆر

؟ - خاڵپرس ( ئامرازی پرسیار )

! - خاواق ، خاڵی واقمانێ

— - خەت ، هێڵ

[ ] - کەوانەی شکاو ، کەوانەی گۆشەدار ، کەوانەی نوشتاوەوە

Institut kurde de Paris

# دەنگە بێ پیتەکان

لە زمانی کوردیدا چەند دەنگێك هەن کەهێشتا بەهیچ جوورە پیتێکی نانووسرێن کەبرێتین لەوانەی خوارەوە : ـ

١ - دەنگێکە بەلێکدانی دوو لێوان پێکدێ بۆ بانگ کردنی مریشكو باڵندەو جووجیلەکانیان .

٢ - دەنگێکە بەلێکدانی دوو لێوان پێکدێ بۆ بانگ کردنو لاواندنەوەی مانگاو رەشە وولاخان .

٣ - دەنگێکە لەکاتی لێخوورینی گوێدرێژاندا دەبیسترێ .

٤ - دەنگێکە لەجیاتی ( نا ، نەء ) جارجارە لەکاتی سەر سورِمانیدا بەکار دەبرێ وەدەنگێکە کەمێك وەوانە دەچێ : ( چوو ، چوە ، چ ء ) .

٥ - دەنگێکە لەزاری منداڵێکی دێتە دەرێ کەفێرە قسە نەبووبێ لەکاتی دیتنی چێشتیدا .

٦ - دەنگێکە کەدایك منداڵی بێ ژێر دەکاتەوەو دەینووێنێ لەکاتی راژاندنیدا سەری زمانی دەخاتە نێوانی دوو لێوی خۆیەوەو دەنگێکی بەرزی لێوە دێ .

٧ - دەنگێکە لەکاتی بالۆرە لێدانیدا دەبیسترێ .

٨ - دەنگێکە لەکاتی وەلام دانەوەدا لەمەلاشوو و کەپۆ دەبیسترێ ( ه ، ء ) ەیە .

٩ - دەنگێکە ئاژاڵو وولاخی پێ بانگ دەکرێ بۆ ئاو خووارنەوە .

١٠ - دەنگێکە لەبەر چاو چنۆکیو رژدیو نەکێشان بەکار دەبرێ هەروەکوو دەڵێن ( . . . . بەچاوەوە بێ ) .

Institut kurde de Paris

# « پێرست »


پێشکەش A
پێشدەستی B
سەرچاوەکان C
پیتە گەورەو گچکەکانی دەستیو چاپی ١
پیتە دەنگدارو بێ دەنگەکان ٣
ڕازو نیاز ٤
ئەلفو بێ چاپکراوەکانی کوردی لا.٦
ئەلفو بێی کوردی بەتیپی لاتینی چۆن
گەیشتە ڕادەیێکی واپوختو دڵگر؟ ٩
ئەلفو بێی کوردی بەتیپی ئارەوی
چۆن گەیشتە ئەو پایەیە؟ ١٣
بەشی نەخوێندەواران ١٧
« خوێندەواران ٢٩
بەڕتووکی لاتینی ١٧ - ١٢٠
ڕێزمانی کوردی ١٢١
بڕگەو ووشەی سادەو لێکدراو ١٢١
گیرەو ( ء ، ث ، ص ، ذ ، ض ) ١٢٢
ض ، ع ١٢٣
ق ، ق K̲ ، k̲ ١٢٤
ناو ( سادەو تێکەڵاو ) ١٢٥
ناوی گشتیو تایبەتی ١٢٥
ڕەسەن لەنێرینەو مێینەدا ١٢٦
ئامرازی نێرینەو مێینە لـە ناو
سۆرانو هەورامانو بادیناندا ١٢٧
تاکو کۆڵ لەهەموو لایەکیدا ١٢٩
ناوی شووێنو کات (مکان وزمان) ١٣١
ناوی بێگانان لەزمانی کوردیدا ١٣٢
ئامرازی ناسیاری ١٣٤
ئامرازی نەناسیاری ١٣٥
جیاوازی نێرو مێ لەزمانی کوردی ١٣٦
کرداری ڕابردوو ، ئێستاودوواڕۆژ ١٣٧
کرداری سادەو لێکدراو ١٣٨
کرداری تێپەڕو تێنەپەڕو دیارو نادیار ١٣٨
چاوگەو ئامرازەکانی ١٣٨
بکەر ، کراو ، داخووازی ١٣٩
ڕاناو ١٤١
ئاوەڵناو ١٤٢
ئاوەڵناوی ڕاگەیاندن ١٤٣
ئاوەڵناوی ژمارەیی ١٤٣
ئاوەڵناوە لەمەڕەکان ١٤٣
ئاوەڵناوی ڕبك «اشارة» ١٤٤
ئاوەڵناوی نادیار ١٣٥
ئامرازی وەڵام ١٤٤
ئامرازی نارێ ١٤٤
ئاوەڵکردار ١٤٥
ئامرازی پرسیار ١٤٦
ئامرازی گچکەکاری ١٤٨
ئامرازی سەرسووڕمان ١٤٩


Institut kurde de Paris

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئامرازی مەرج | ١٤٩ | ئامرازی وێکخستن | ١٥٤ |
| ئامرازی بانگهێشتن | ١٥١ | ئامرازی پەیوەندی | ١٥٥ |
| پێشگر ( پێشبەند ) | ١٥٢ | ئامرازی وێچوواندن | ١٥٥ |
| پاشگر ( پاشکۆ ) | ١٥٣ | ئامرازی دانەپاڵ | ١٥٦ |
| ئامرازی داخو پەرۆش | ١٥٢ | خاڵ و نیشانەکانی | ١٥٦ |


Institut kurde de Paris

١٠٠٠ - ١ - ١٩٧٢ چاپخانەی کوردستان - هەولێر

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ٧٣ / ١٩٧١

OFFERT
PAR
JOYCE BLAU

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

گیوی موکریانی

زنجیرە : ٧٤

# ئەلف و بێی کوردی وێنەدار

بە تیپی لاتینی

بە زاراوەکانی

## سۆرانی ، بادینی ، فەیلی ، هەورامی

یەکیتی نووسین

## سەرەتای یەکیتی زاراوەکانمانە

Institut kurde de Paris

چاپخانەی کوردستان

هەولێر

٢٥٨٢ی کوردی (١٩٧٢)ی بوونی